نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەرپرسی نووسینگەی یەکێتیی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە

دۆخی ناوچە کێشە لەسەرەکان و خۆپیشاندانەکانی عێراق تەوەرێکی دیدارەکە بوو



XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5893) دووشەممە 16ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لە ناتوندوتیژی و یاساپارێزی و مامەڵەی مەدەنیانە لەگەڵ خۆپیشاندەرانی عێراق کردەوە و هەموو هاوکارییەکی هەرێمی کوردستانی بۆ ئارامی و سەقامگیریی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان، دەربڕی.

لە دیدارێکیدا پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە 2019/12/15 لە هەولێر، لەگەڵ بەڕێز ڤینسنت گیۆم بەرپرسی نووسینگەی یەکێتیی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی هەروەها پوختەیەکی دەربارەی دۆخی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا و گفتوگۆی هەولێر-بەغدا، خستە ڕوو.

لای خۆیەوە بەڕێز بەرپرسی نووسینگەی یەکێتیی ئەورووپا سوپاسی ئاسانکاری و هاوکارییەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ کارەکانی کرد و بایەخدانی هەرێمی کوردستانی بە دۆخی ئاوارە و پەنابەران بەتایبەت ئەو پەنابەرانەی لە ئەنجامی گرژییەکانی ئەم دواییەی سووریاوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەرز نرخاند هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان یەکێتیی ئەورووپا و هەرێمی کوردستانیشی لە هاوکاریکردنی پەنابەران دووپات کردەوە.

هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی ناوچەکە بەگشتی و خۆپیشاندانەکانی عێراق بەتایبەتی، هەروەها دۆخی ناوچە کێشە لەسەرەکان و دەشتی نەینەوا، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

هەولێر.. کۆنفرانسی کوردستان لەبەردەم گۆڕانکارییەکاندا بەڕێوەچوو

دیاریکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق پەیوەستە بە شیعەکان



بە مەبەستی زەمینەسازی بۆ دیالۆگی نیشتمانی و ئامادەبوون بۆ پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە، ئەنستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە هەولێر کۆنفرانسێکی بە ناونیشانی "کوردستان لەبەردەم گۆڕانکارییەکاندا، ڕێکخست. لەسەرەتای کۆنفرانسەکەدا گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەحمود محەمەد ڕایگەیاند: لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە سەرشان، چونکە ئێمە لە ناوخۆ ناکۆکیمان هەیە، هەروەها ئێمە لە هەڵبژاردنەکان بەڵێنمان بە خەڵکداوە کە پاراستنی نیشتمان و خاک وڵات ئەرکمانە، بۆیە لەم قۆناغە هەستیاردا دەبێت حزبەکان و حکوومەت پەیوەندییەکانییان لەگەڵ کۆمەڵگا چاکبکەنەوە، چونکە ئەو پەیوەندیە بەهۆی ناکۆکییەکان، تێکچووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ دیداری نێودەوڵەتی میدیا لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت

ئەمڕۆ دووشەممە دیداری نیودەوڵەتیی میدیا بەمەبەستی گواستنەوەی ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی وڵاتان بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە شاری هەولێر بەڕێوە دەچێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بۆمبەکانی داعش جووتیارانی شارەبانی لەچاندنی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بێبەش کردووە

بە گوتەی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانیی شارەدێی "شارەبان"ی سەر بە دیالە، ماوەی پێنج ساڵە جووتیارانی ئەو سنوورە بە هۆی پاکنەکردنەوەی زەوییەکانیان لە بۆمب و پاشماوەی تەقەمەنی چەکدارانی داعش، ناتوانن سوود لە زەوی یە کشتوکاڵییەکانیان وەربگرن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

عێراق.. خۆپیشاندەران ئاگریان لە ماڵی کاندیدی پێشبینیکراوی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو بەردا

خۆپیشاندەران لە شاری عەمارە ناوەندی پارێزگای میسان باشووری عێراق، ئاگریان لە ماڵی محەمەد شیاع سوودانی بەردا کە کاندیدی پێشبینیکراوە بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

لەبارەی ئاسۆی پەیوەندییەکانی کورد و شیعە

دیداری هەولێر - نەجەف لە هەولێر بەڕێوەچوو



دوێنێ یەکشەممە بە مەبەستی گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی ئەم دواییەی عێراق لە هۆتێل دیڤان لە شاری هەولێر، دیداری هەولێر – نەجەف لەبارەی ئاسۆی پەیوەندییەکانی کورد و شیعە بەشداری ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی هەردوو پێکهاتە بەڕێوەچوو کە تیایدا باس لە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و شیعە و پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئەو پەیوەندییانە کرا.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

کێ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق؟

تا ئێستا خۆپیشاندەران و کوتلە سیاسییەکان نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ کاندیدکردنی کەسێک بۆ سەرۆکی حکوومەتی کاربەڕێکەری عێراق، لەکاتێکدا وادەی یاسایی بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە لەبەردەستدا نەماوە. هەرچەندە سەرۆک کۆماری عێراق سەرقاڵی ڕاوێژکردنە بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدێک بۆ سەرۆک وەزیران کە جێی ڕەزامەندی لایەنەکان بێت، بەڵام لایەنە شیعەیەکان نایانەوێت دەستبەرداری ئەو پۆستە بن و هەوڵی بەدەستهێنانەوەی دەدەن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



هەڵمەتێک بۆ پاککردنەوەی هاوینەهەواری سەرچنار بەڕێوەچوو



هۆڵەندا.. خۆپیشاندان لەناو فڕۆکەخانەی شیپخۆل ئاڵۆزی لێکەوتەوە

ژمارەیەک خۆپیشاندەری ژینگەدۆست لە شاری ئەمستردام پایتەختی هۆڵەندا دەستیانبەسەر بەشێکی فڕۆکەخانەی شیپخۆلدا گرت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

دانانی هێڵی شەمەندەفەر لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان دیزاین کراوە

وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە دانانی هێڵی شەمەندەفەر لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان دیزاین کراوە و تەنیا جێبەجێکردنی پڕۆژەکە ماوە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسوڵی ئێران کرد

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە کونسوڵی گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر کرد و هیوای سەرکەوتنی لە کار و ئەرکەکانیدا بۆ خواست.

لە دیدارێکدا ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 2019/12/15 لە هەولێر، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەڕێز نەسروڵڵا ڕەشنوودی، کونسوڵی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر، دوا پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و ناوچەکەیان بەگشتی تاوتوێ کرد.

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران، پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و بەردەوامیی گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکان، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

ئەمڕۆ دیداری نێودەوڵەتی میدیا لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت

ئەمڕۆ دووشەممە دیداری نیودەوڵەتیی میدیا بەمەبەستی گواستنەوەی ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی وڵاتان بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە شاری هەولێر بەڕێوە دەچێت.

لەمبارەوە هەندرێن ئەحمەد، سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕایگەیاند: ئەمڕۆ دووشەممە کاتژمێر دە نیو لە شاری هەولێر یەکەمین دیداری نێودەوڵەتی بۆ بواری میدیا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەڕێوە دەچێت.

لە بارەی ناوەڕۆکی دیدارەکەوە گوتیشی: لەو دیدارەدا پرۆژەی ئەنجوومەنی بالآی میدیا لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ دەکرێت و لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا 18 پانێڵی جیاوازی تایبەت بە میدیا و کاری ڕۆژنامەنووسی بەڕێوە دەچێت.

هەندرێن ئەحمەد، ئاماژەی بەوەش کرد: لەم دیدارەدا ئەمێنداری گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی فەڕەنسا، مەغریب و تونس چەند وڵاتێکی دیکەش بەشداری دەکەن.

لەبارەی ئاسۆی پەیوەندییەکانی کورد و شیعە دیداری هەولێر - نەجەف لە هەولێری پایتەختت بەڕێوەچوو

فەرسەت سۆفی: دەبێت بەپێی بنەما یاسایی و دەستوورییەکان وەڵامی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بدرێتەوە



دوێنێ یەکشەممە بە مەبەستی گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی ئەم دواییەی عێراق لە هۆتێل دیڤان لە شاری هەولێر، دیداری هەولێر - نەجەف لەبارەی ئاسۆی پەیوەندییەکانی کورد و شیعە بە بەشداری ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی هەردوو پێکهاتە بەڕێوەچوو کە تیایدا باس لە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و شیعە و پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئەو پەیوەندییانە کرا.

دیدارەکە بە گوتاری پارێزگاری هەولێر، فەرسەت سۆفی و ئاماژەی بە دەستپێکرد و ئاماژەی بە ئاڵۆگۆڕی دیالۆگی عێراقی لەو قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازە لە مێژووی عێراقدا کرد و گوتی: ئێمە کە ئەمڕۆ لێرە کۆبوینەتەوە، نارەزایەتی و خۆپیشاندان لە شارەکانی عێراق تاوەکو ئێستاش بەردەوامە کە داوای چاکسازی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و باشترکردنی بارودۆخی ئابووری و چارەسەری بێکاری و باشترکردنی پرۆسەی سیاسی دەکەن، بەشێوەیەک کە ببێتە مایەی سەقامگیری و پەرەپێدان.

فەرسەت سۆفی گوتیشی: ئەو داواکارییانەی خۆپیشاندەران هەیانە، دەبێت بەپێی بنەما یاسایی و دەستوورییەکان وەڵامیان بدرێتەوە، بەدڵگرانی و خەمبارییەوەش لە بەردەوامی ئەو تووندوتیژیانە و کردەی کوشتن دەڕوانین کە تیایدا خۆپیشاندەرانی سڤیل و ئاشتیخواز و هێزە ئەمنییەکان دەکاتە ئامانج.

ئەو هەلە دەقۆزمەوە بۆئەوەی سەرەخۆشی خۆمان لە دڵەوە بۆ کەسوکاری ئەو قوربانیانە دەربڕین، هیوای زوو چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بەوەدا کە سازکردنی ئەو دیدارە دەبێتە پێکهێنەری بەردی بنچینەیی بۆ بونیادنانی تێڕوانینی هاوبەش لەبارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر بونیادنانی دەوڵەتی ئیتحادی و فیدراڵی بەپێی بنەمای یەکسانی هاووڵاتیبوون و دیموکراتی دەبێت، بە ئامانجی هەستانەوەی واقیعی کۆمەڵگە بۆ ئاستی هەرە بەهاو پەیوەستبوون بە یەک.

بەرژەوەندی نیشتمانییش دەبێتە پێکهێنەری بنچینەی گرێبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە دەبێت بەپێی چارەسەری سیاسی بێت و قابیلی جێبەجێکردن بێت لە ڕێگای دەستپێشخەری و بۆچوونی جۆری چارەسەری کێشە هەنووکەییەکان بکات و ئاسەوارەکانی رابردووش ڕەشبکاتەوە و پەرەی پێبدات بۆ بونیادنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو و تەواوکار لە داهاتوودا.

لە کۆتایشدا پارێزگاری هەولێر فەرسەت سۆفی گوتی: ئومێدەوارین لەو دیدارە چارەسەری ڕاستەقینە پێشکەش بکرێت کە لەسەر بنەما دەستوورییەکان بونیادنرابێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی، سەرەڕای ئاشتەوایی نیشتمانی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق.

عێراق.. خۆپیشاندەران ئاگریان لە مااڵی محەمەد سوودانی کاندیدی پێشبینیکراوی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو بەردا



خۆپیشاندەران لە شاری عەمارە ناوەندی پارێزگای میسان باشووری عێراق، ئاگریان لە مااڵی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد شیاع سوودانی بەردا کە کاندیدی پێشبینیکراوە بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق. ئەفسەر لە پۆلیسی میسان، تاهیر حەسەن ڕایگەیاند، دەیان خۆپیشاندەر ئاگریان لە مااڵی سوودانی لە گەڕەکی حوسەین لە شاری عەمارە ناوەندی پارێزگای میسان، بەردا.

تاهیر حەسەن گوتیشی: ئاگر لە بەشێکی زۆری مااڵەکەی سوودانی کەوتووەتەوە و ئامادەی بەوەش کرد کە لەوکاتەدا کەس لەناو خانووەکەدا نەبووە. ئەو ئەفسەرەی پۆلیس ڕاشیگەیاند کە تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە دەدەن.

ئەم ڕووداوە لە کاتێک دایە کە دەنگۆی ئەوە هەیە محەمەد شیاع سوودانی بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕابسپێردرێت. شایانی باسە ڕۆژی هەینی، محەمەد شیاع سوودانی سەرکردە لە حزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق، نووری مالیکی، دەستەکارکێشانەوەی خۆی لە حزبی دەعوە و فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا ڕاگەیاند، دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاوبوویەوە کە ئەگەری هەیە ناوبراو لە شوێنی سەرۆکوەزیرانی دەستەکارکێشاوەی عێراق، عادل مەهدی بۆ سەرۆکوەزیرانی نوێ ڕابسپێردرێت.

سوودانی کە لە ئێستادا ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، پێشتر لە حکوومەتدا چەندین پۆستی باڵای هەبووە، لەوانە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بووە لە حکوومەتەکەی حەیدەر عەبادی، هەروەها لە کابینەی حکوومەتەکەی نووری مالیکی وەزیری مافەکانی مرۆڤ بووە و لە 2009 تاکو 2010 پارێزگاری میسان بووە. بەهۆی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق و لەسەر داوای مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق، عەلی سیستانی سەردتای ئەم مانگە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی دەستیلەکارکێشایەوە. لە ڕۆژی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی-یەوە، بەپێی دەستوور پێویستە سەرکۆمار، بەرهەم سالح لە ماوەی 15 ڕۆژدا کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕابسپێرێت کە ئەمڕۆ دووشەممە ئەو وادەیە کۆتاییدێت.

بەپێی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، 492 کەس کوژراون و زیاتر لە 17 هەزار کەسی دیکە لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوون.

هۆڵەندا.. خۆپیشاندان لەناو فرۆکەخانەی شیپخۆڵ ئاڵۆزی لێکەوتەوە

ژمارەیەک خۆپیشاندەری ژینگەدۆست لە شاری ئەمستردام پایتەختی هۆڵەندا دەستیانبەسەر بەشێکی فرۆکەخانەی شیپخۆڵدا گرت. خۆپیشاندانەکە لەلایەن هەردوو گرووپی ئاشتی سەوز "Greenpeace" و دژبڕکردنەوەی یاخیبوون "Extinction Rebellion" بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر هاوواڵتی ڕێکخرابوو. وەک دەربڕینی نارەزایەتیش خۆپیشاندەران دەستیان بەسەر بەشێکی مۆڵی فرۆکەخانەکەدا گرت. هێزەکانی پۆلیسیش بۆ کۆتاییهێنان بە دەستبەسەرداگرتنی ئەو بەشەی مۆڵەکە هۆشداریان دایە خۆپیشاندەران و26 خۆپیشاندەریشیان قۆڵبەستکرد کە بە پاڵکەوتن لەسەر زەوی لەبەرامبەر هێزە ئەمنییەکاندا خۆڕاگریان نیشاندابوو.

پۆلیس دۆخی لەناکاوی ڕاگەیاند و بەپاس خۆپیشاندەرانی گواستەوە دەرەوەی فرۆکەخانەکە، بەمشێوەیەش خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێهێندرا. داواکارییەکانی بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە لە حکوومەت بریتیبوون لە "کەمکردنەوەی گەشتەکانی فرۆکەخانەی شیپخۆل"، "بەکارهێنانی گەشتی شەمەندەفەر وەک جێگرەوەی گەشتی ئاسمانی بۆ شوێنە نزیکەکان" و "بەرزکردنەوەی نرخی بلیتی گەشتە ئاسمانییەکان".

بەهۆی خۆپیشاندانەکەشەوە بەدرێژایی ڕۆژ فرۆکەخانەکە بەڕووی گەشتیاراندا داخرا. لەلایەکی دیکەشەوە گرووپێکی خۆپیشاندەر دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە شارەوانی لەبەردەم فرۆکەخانەکە خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.



www.xebat.net
دووشەممە 2019/12/16 ژمارە (5893)

هەولێر.. کۆنفرانسی کوردستان لەبەردەم گۆڕانکارییەکاندا بەڕێوەچوو

مەحمود محەمەد: وڵاتێک بە سەقەتی دروستکرابێت ئاڵۆزییەکانی بەئاسانی چارەسەر ناکرێن

دەبێت هەوڵبدەین و رێگا نەدەین دەستکەوتەکانمان لەدەست بچێت

دوێنێ یەکشەممە بە مەبەستی زەمینەسازی بۆ دیالۆگی نیشتمانی و ئامادەبوون بۆ پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە، ئەنستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەشاری هەولێر کۆنفرانسێکی بە ناونیشانی "کوردستان لەبەردەم گۆڕانکارییەکاندا، رێکخست.



لەسەرەتای کۆنفرانسەکەدا گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەحمود محەمەد رایگەیاند: لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە سەرشان، چونکە ئێمە لە ناوخۆ ناکۆکیمان هەیە، هەروەها ئێمە لە هەڵبژاردنەکان بەڵێنمان بە خەڵک داوە کە پاراستنی نیشتمان و خاک وڵات ئەرکمانە، بۆیە لەم قۆناغە هەستیاردا دەبێت حزبەکان و حکوومەت پەیوەندییەکانییان لەگەڵ کۆمەڵگا چاکبکەنەوە، چونکە ئەو پەیوەندییە بەهۆی ناکۆکییەکان، تێکچووە.

گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەحمود محەمەد راشیگەیاند کە لەماوەی رابردوو چەندین گفتوگۆ لەنێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان هەبووە بەمەبەستی باشترکردنی باردۆخی عێراق و سەقامگیری ناوچەکە، ئاشکرایشی دەکات کە تا ئێستا هیچ ناوێک بە فەرمی بۆ پۆستی سەرۆکوزیران دەستنیشان نەکراوە.

دەبێت گۆڕانکاری و بەرژەوەندییەکان لە بەرچاو بگیرێت

مەحمود محەمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند، پەیوەست بەم بارودۆخەی عێراق، دەبێت خوێندنەوەیەکی دروستمان هەبێت و خوێندنەوەکەش لە ئاستی ئەو گۆڕانکاری و بەرپرسیاریەتییەدا بێت، ئاڵۆزییەکانیش لە ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی کاریگەری خۆیان هەیە، لە ئەگەری هەر ئاڵۆزییەک کە دروست بێت لە عێراق، ئامادەکاریی تەواو بکەین بۆ هەموو ئەگەرەکان، هەروەها کۆمەڵێک شت رووبان داوە یاخود کۆمەڵێک بارودۆخ هاتوونەتە ئاراوە، کە دەبێت گۆڕانکاری و بەرژەوەندییەکان لە بەرچاو بگیرێت، بە جۆرێک بێت زیان بە بەرژەوەندیی خەڵک نەگەیەنێت.

دەبێت هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین

مەحمود محەمەد، ئەوەشی وەبیرهێنایەوە کە: لەم بارودۆخەدا بەرپرسیاریەتییەکی گەورە خراوەتە سەر ئەوانەی بەشدارن لە حکوومەتدا، هەروەها ئەوانەی لە حکوومەتیش بەشدار نینە، بەرپرسیارێتییان کەوتووەتە ئەستۆ، بۆیە پێویستە هەموو لایەک لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدا بین، هاوکات پێویستە وابکەین ئەو بارودۆخە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان چ لە رووی سیاسی یان ئابووری یاخود سەربازی نەبێت، هەروەها ناشمانەوێت ئەم بارودۆخە مەترسیی زیاتری لێ بکەوێتەوە، چونکە قۆناغەکە هەستیارە و دەبێت لایەنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیش دۆخەکە لە بەرچاو بگرن، چونکە بابەتەکە نیشتیمانی و نەتەوەییە و دەبێت هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین.

ئەوەی زۆر گرینگە نێو مالی کوردە

بۆ خوێندنەوەی ئەو بارودۆخەش، مەحمود محەمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لەوە دەکات، پێویستە چەند خاڵێک لە بەرچاو بگرین، یەکێک لەوانە بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان گرینگە کە لەو مەترسییانە دوور بکەوینەوە، دەشبێت هەوڵ بدەین حزبەکان و حکوومەتیش پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خەڵک ڕێک بخەینەوە.

پێیشی وایە، ئەوەی زۆر گرینگە نێو مالی کورد، کە لەنێو ئەو بارودۆخەدا دەبێت لایەنە کوردستانییەکان پەیوەندییەکانیان ڕێک بخەنەوە، تێکراش ڕووبەڕووی مەترسییەکان ببینەوە و لەگەڵ واقعی ئێستا مامەڵە بکەین، نەک باکگراوندی ڕابردوو، یان مێژووی ڕابردوو هەڵبدەینەوە، چونکە گرنگە لەگەڵ ئێستادا بژین. هەروەها باسی لەوەش کرد، پێویستە پێکەوە بە عەقڵێکی ئازاد و سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ، ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکانی عێراق ببینەوە.

عێراق ناوە ناوە شەڕ و ئاڵۆزی و کێشەی دەولی هەبووە

مەحمود محەمەد لە لێدوانێکیشدا رایگەیاند: لە ڕاستیدا وڵاتێک کە بە سەقەتی دروستکرابێت، ئاڵۆزییەکانی بەئاسانی چارەسەر ناکرێن، چونکە ئەم سەقەتییە لە بابەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی ڕەنگیداوەتەوە، ئەم وڵاتەش لە بنەڕەتدا وابووە و چارەسەرکانیش بنەڕەتی نین، هەموو مێژووی عێراق سەیربکەین دەبینین ناوە ناوە شەڕ و ئاڵۆزی و کێشەی دەولی هەبووە، بۆیەش سەقامگیر نەبووە، دەبینین کە عێراق بەراورد بە وڵاتانی پێشکەوتوو لە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کارگێڕی و زانستییەوە لە دواوەیە، چونکە هەرچی توانای ئەو خەڵکە هەبووە لە بەرەنگاربوونەوەی یەکتر خەرجکراوە، ئەم وڵاتە لە جیاتی ئەوەی بونیادبنرێت، لێکهەڵوەشاوەتەوە.

چۆن چارەسەری بارودۆخەکە بکەین؟

گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەحمود محەمەد گوتیشی: لە چوارچێوەی ئەم بارودۆخەی ئێستای عێراق، ئێمە نابێت لە پەراوێزی کارکردندا بین و نابێت دووربین لەو بڕیارانەی ئێستا دەدرێن، چونکە قۆناغێکی هەستیارە و دەبێت هەوڵبدەین و ڕێگا نەدەین دەستکەوتەکانمان لەدەست بچێت. مەحمود محەمەد لەبارەی ئەوەی کە هەفتەی رابردوو چەند سەرکردەیەکی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە گوتی: هاتوچۆ و گفتوگۆ و یەکتربینین هەر ئەوە نییە کە باس دەکرێت، بۆیە ئەم ترافکە زۆرە و هەموش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە چۆن چارەسەری بارودۆخەکە بکەین؟ لەڕاستیدا دیاریکردنی کەسێک بۆ جێگرەوەی سەرۆکوەزیرانی دەستەلەکارکێشانەوەی عێراق، عادل عەبدولمەهدی زیاتر پەیوەستە بە لایەنەکانی شیعەوە، گفتوگۆکانیش هەر ئەوەیە، لەوانەیە هەموو کەس شان نەداتە بەر ئەو کێشانەی کە لە عێراق هەیە، دەمێنێتەوە سەر لایەنە سیاسییەکان و ئەو کەسانەیشی کە داواکارن و هاتوونەتە سەر شەقام.

هیچ ناوێک بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق دیاری نەکراوە

گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەحمود محەمەد لەبارەی بوونی ڤیتۆ لەلایەن کورد لەسەر کەسێکی دیاریکراوە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق گوتی: تا ئێستا نەمانزانیووە کەسێک دەستنیشانکرابێت تا ڤیتۆمان لەسەر هەبێت، چونکە بە شێوەیەکی فەرمی هیچ ناوێک دیاریی نەکراوە.

داعش هێرشی کردە سەر کاروانێکی پۆلیسی کەرکووک

چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر کاروانێکی پۆلیسی کەرکووک. دوێنێ یەکشەممە، شانەی راگەیاندنی ئەمنی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە، چەکدارەکانی داعش هێرشیان کردە سەر ئۆتۆمبێلێکی گواستنەوەی خواردەمەنیی پۆلیسی فیدرالی لە دۆڵی زەیتون لە باشووری ریاز لەکەرکووک.

هەروەک شانەی راگەیاندنی ئەمنی رایگەیاندووە، بەهۆی هێرشەکەوە، دوو پۆلیس کوژران.

بۆمبەکانی داعش جووتیارانی شارەبانی لەچاندنی زەویيە کشتوکاڵییەکانیان بێ بەش کردووە

بە گوتەی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانیی شارەدێی «شارەبان»ی سەر بە دیالە، ماوەی پێنج ساڵە جووتیارانی ئەو سنوورە بە هۆی پاکنەکردنەوەی زەویيەکانیان لە بۆمب و پاشماوەی تەقەمەنی چەکدارانی داعش، ناتوانن سوود لە زەویيە کشتوکاڵییەکانیان وەربگرن.

عەدنان محەمەد، سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی شارۆچکەی شارەبان رایگەیاند: دوای دووساڵ لە بانگەشەی جەنگی ئازادکردنی عێراق لە داعش، هێشتا دەیان جووتیاری سنووری گوندەکانی شارۆچکەی «شارەبان» نەیانتوانیوە سوود لە زەویيە کشتوکاڵییەکانیان بۆ کشتوکاڵ وەربگرن و بەرهەمی تێدا بچێنن.

گوتیشی: ئەگەرچی وەک گوند و ناوچە بە شێوەی فەرمی هیچ جێگەیەک بەدەستی داعشەوە نییە، بەڵام هێشتا بۆمبەکانی داعش مەترسین و زۆریشان لە بێستان و زەویی جووتیاراندا چێندراون و هێشتا ئەو زەویيانە لە بۆمب و تەقەمەنی پاک نەکراونەتەوە. بە گوتەی ئەو بەرپرسە، ماوەی پێنج ساڵە سەدان جووتیار ئەم گرفتەیان هەیە.

سەلاحەددین.. کوژرانی هەشت چەکداری داعش

سەرچاوەیەکی ئەمنی رایگەیاند کە لەمیانی ئۆپەراسیۆنێکی هێزە عێراقییەکاندا، هەشت چەکداری رێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە سنووری پارێزگای سەلاحەددین، کوژراون.

ئەفسەرێکی پۆلیسی سەلاحەددین بە پلەی نەقیب کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە ئاژانسی ئانادۆڵوی راگەیاندووە: لە دوو ڕۆژی رابردوودا، هێزە عێراقییەکان ئۆپەراسیۆنێکیان بەئامانجی پاکسازییکردنی ناوچەکانی ڕۆژئاوای قەزای سامەڕا سەربە پارێزگای سەلاحەددین لە پاشماوەکانی داعش ئەنجامداوە. ئەو ئەفسەرە باسی لەوەش کردووە کە لەمیانی ئۆپەراسیۆنەکەدا، شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزە عێراقییەکان و پاشماوەکانی داعش لە ناوچەیەکی ڕۆژئاوای قەزای سامەڕا ڕوویداوە. ئاشکراشیکرد کە لەمیانی شەڕ و پێکدادانەکاندا، هەشت چەکداری داعش کوژراون و دوو کارمەندی ئەمنی بریندارببوون.

ئەو ئۆپەراسیۆنەش دوای ئەوە ئەنجامدرا کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، دوو کردەی خۆکوژی کرانەسەر دوو خاڵی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە سنووری پارێزگای سەلاحەددین و بەهۆیەوە11 چەکداری حەشدی شەعبی کوژران.



فەڕەنسا.. هێلەک زەردەکان بە مەبەستی پرۆتستۆکردنی سیاسەتەکانی حکوومەت، جارێکی دیکە ڕژانەوە سەر شەقام



ئێران.. ژمارەیەک هێرشبەر ئاگریان لە مەزارگەیەکی ئایینی بەردا

K24/ بەگوێرەی میدیا ناوخۆییەکانی ئێران، دوێنێ یەکشەممە ژمارەیەک هێرشبەر لە شاری شیرازی باشووری ئەو وڵاتە ئاگریان لە مەزارگەی "کچی ئیمام حەسەن موجتەبی" بەردا و هەموو ئەو پارە و سامانەشیان دزی، کە بۆ سەدەقە و نەزر لەناو مەزارگەکە دانرابوو. لەمبارەیەوە ئاژانسی هەواڵی ئێرنا بڵاویکردەوە، "ژمارەیەک کەس هەڵیانکوتاوەتە سەر مەزارگەکە و ئەو کەل و پەل و پارانەشیان دزیوە کە لەناوی هەبوون و دواتریش ئاگریان لە چەند بەشێکی مەزارگەکە بەرداوە، بەو هۆیەشەوە زیانی زۆری ماددی بەر مەزارگەکە کەوتووە". دوای ڕووداوەکەش چالاکوانان وێنەی مەزارگەگەیان بە سووتاوی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردووەتەوە. چەند شایەتحاڵێکیش رایانگەیاندووە، پۆلیسی شیراز پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ دۆزینەوەی هێرشبەران کردووەتەوە. بەڕێوبەری پەیوەندییە گشتییەکانی فەرمانگەی ئەوقافیش لە شاری شیراز ڕاستی ئەو ڕووداوەی پشتڕاستکردەوە، بەڵام ڕەتیکردەوە بەر لە کۆتاییهاتنی لێکۆڵینەوەکان وردەکاری لەبارەی ڕووداوەکە بخاتەڕوو.

پەیامی پیرۆزبایی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن بۆ رادیۆی مووسڵ

بەڕێزان/ بەڕێوەبەر و کادیر و کارمەندانی رادیۆی مووسڵ

بەبۆنەی یازدەهەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی رادیۆی مووسڵ گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و گوێگرانی رادیۆ ئازیزەکەتان دەکەین و، هیوای بەردەوامی و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازین. دامەزراندنی ئەو رادیۆیە بەر لە 11 ساڵ لە شاری مووسڵ، بڕیارێکی بوێرانە و هەنگاوێکی گرنگ و پێویستبوو بۆ خزمەتی گشتی و گەیاندنی دەنگ و خواستی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی سنوری ئەو پارێزگایە و، هەروەها بە بواری رۆشنبیری و قوڵکردنەوەی کولتووری پێکەوەژیان.

لەم یادەدا وێڕای پیرۆزبایی گەرمان، جارێکی دیکە پاڵپشتی و پشتیوانی بەردەوامی خۆمان بۆ رادیۆکەتان دووپات دەکەینەوە و هیوادارین هەروەک چۆن ڕەوشی دژوار و نالەباری شاری مووسڵ نەیتوانی کوسپ و ڕێگری کار و بەرنامەکانی بێت وەکو هەمیشەش دەنگی خزمەت و خواستی جەماوەری سەربەرزی گەلەکەمان بێ و سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بێنێ.

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/12/15

عادل عەبدولمەهدی ئیدانەی سزادانی ژمارەیەک کەسایەتی عێراق دەکات



وەک ئاماژەیەک بۆ سزاکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا سەرۆکوەزیرانی دەستەکارکێشاوەی عێراق، عادل عەبدولمەهدی رایگەیاند، ئیدانەی ئەوە دەکەن کە ناوی ژمارەیەک سەرکردە و کەسایەتی عێراقی خراونەتە لیستی سزاکانەوە.

عادل عەبدولمەهدی لە راگەیەندراوێکدا گوتوویەتی "ئیدانەی ئەوەمان کردووە، ناوی ژمارەیەک سەرکردە و کەسایەتی عێراق کە ڕۆڵیان هەبووە لە شەڕەکانی دژبە داعش لە لایەن وڵاتانەوە کە پەیوەندیی و ڕێککەوتنەمان لەگەڵیاندا هەیە، خراونەتە لیستی سزاکانەوە".

سەرۆکوەزیرانی دەستەکارکێشاوەی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕاشیگەیاندووە: هەروەها ئیدانەی ئەوە دەکەین کە لە لایەن خۆپیشاندەران و میدیاکانەوە، سووکایەتی بە وێنەی سەرۆکی ئەو وڵاتانەی کە پەیوەندیی و ڕێککەوتنمان لەگەڵیاندا هەیە، دەکرێت. عادل عەبدولمەهدی ئاماژەی بەوەیشکردووە کە سووکایەتیکردن بە وێنەی کەسایەتییە ناسراوەکانی عێراق، قبوڵکراو نییە و ئیدانەی دەکەن.

عادل عەبدولمەهدی گوتوویەتی: سەرجەم ئەو کردانە زیان بە عێراق و گەلەکەی دەگەیەنێت، جگە لەوەیش دەبنە هۆی هاندان بۆ توندئاژۆیی و ڕق و کینە لەگەڵ خراپکردنی ناوبانگی عێراق و دواتر ئەنجامێکی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە کە ئەستەم دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت.

شایانی باسە ڕۆژی هەینی ڕابردوو وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا رایگەیاندبوو کە بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و تێوەگلان لە گەندەڵی، سزای بەسەر سەرکردەی عەسائیب ئەهلی حەق، قەیس خەزعەلی و براکەی، لەیس خەزعەلی لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاسایشی حەشدی شەعبی، حوسێن فالح ناسراو بە ئەبو زەینەب ئەللامی، هەروەها بازرگان و کەسایەتی عێراق، خەمیس فەرحان خەنجەردا سەپاندووە.

مالیزیا... شاندی پارتی بەشداری لە کۆنفڕانسی ڕێکخراوی پارتە سیاسییەکانی ئاسیادا کرد



کۆنفڕانسی ساڵانەی ڕێکخراوی پارتە سیاسییەکانی ئاسیا ناسراو بە ئایکاپ، کە لە تێراگانو ئەنجام درا، شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری تێدا کرد، تێرنگانۆ هەرێمێکی سەڵتەنەتە و یەکێکە لە 13 هەرێمەکەی مالیزیای فیدراڵ و ژمارەی دانیشتووانی ملوێن و نیوێکە خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆر سامانی سرووشتی وەک نەوت و گاز و دارستانە و یەکێکیە لە هەرێمە دەوڵەمەند و سەرنجڕاکێشەکانی ئەو وڵاتە. ئایکاپ ساڵانە چەند کۆنفرانسێک لەسەر لە بواری جیاوازەکان، کە کاریگەرییان لەسەر ژیان و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتانی ئاسیا هەیە، شاز دەکات بە ئامانجی نزیکبوونەوە و بەهێزکردنی پەیوەندی و هەماهەنگیی نێوان پارتە سیاسی و حکوومەتەمان، جێگای باسە، ئایکاپ پێکدێت لە زیاتر لە 300 پارتی سیاسی لە هەمبو وڵاتانی ئاسیا کە خاوەن جەندین بۆچوون و ڕوانیا و ئایدۆلۆژیای جیاوازن، جیاواز لە ڕێکخراوەکانی تری جیهان وەک خۆی خاوەنی هیچ ئایدۆلۆژیایەک نییە، بەڵکو چەترێکە بۆ کۆکردنەوەی پارتە سیاسییەکانی ئاسیا.

ئەم کۆنفڕانسە، کە دوایین کۆنفڕانسی 2019 ئایکاپە لە هەرێمی تێرنگانۆی مالیزیا بەڕێوەچوو، بە چاودێری و بەشداریی حکوومەت و سەرۆکوەزیران و سەرۆکی پەرلەمانی تێرنگانۆ کەوت.

شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێکهاتبوو لە بەڕێزان عەبدولسەلام عەبدوڵڵا، بەڕپرسی دیسکی ئۆراسیا و، جەنگیز ئاوەکەڵەیی، بەڕپرسی ڕاگەیاندن و کۆمیونیکەیشنی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، کە وتاری پارتی لەلاین بەڕێز عەبدولسەلام عەبدوڵڵاوە خوێندرایەوە و باس لە ئارامی و ئاسایش و گونجاویی هەرێمی کوردستان کرا بۆ گەشتوگوزار و بەرهێنان لە سێکتەری گەشتوگوزار و، ئاماژەی دا کە کوردستان خاوەنی دەیان جێگای دینی و میژوویی و جێگایەکی سەرنجڕاکێشە بۆ گەشتیاری کە جێگای بایەخی گەشتیارانە.

کێ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق؟

ماڵ و هێزە سیاسییەکانی شیعە لە دەستنیشانکردنی کاندیدێک بەسەر دوو بەردا دابەش دەبن

خەبات: زانکۆ جاف

تا ئێستا خۆپیشاندەران و کوتلە سیاسییەکان نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ کاندیدکردنی کەسێک بۆ سەرۆکی حکوومەتی کاربەڕێکەری عێراق، لەکاتێکدا وادەی یاسایی بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە لەبەردەستدا نەماوە. هەرچەندە سەرۆک کۆماری عێراق سەرقاڵی ڕاوێژکردنە بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدێک بۆ سەرۆک وەزیران کە جێی ڕەزامەندی لایەنەکان بێت، بەڵام لایەنە شیعییەکان نایانەوێت دەستبەرداری ئەو پۆستە بن و هەوڵی بەدەستهێنانەوەی دەدەن. هاوکات سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر هەیە دۆخی عێراق ئاڵۆزتر ببێت، بەهۆی ئەوەی پێکهاتە شیعەکانی عێراق بەسەر دوو بەردا دابەش بوون.

سوودانی و یەکەم تاقیکردنەوە

دکتۆر مەحمود عوسمان سیاسەتمەدارێکی کورد، پێیوایە ئەرکی سەرۆک کۆماری عێراقە بەڕاوێژ لەگەڵ کوتلەکان و خۆپیشاندەران، کەسێک بۆ سەرۆک وەزیران دەستنیشان بکات، گوتی"گەر سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو جێ ڕەزامەندی هەموو لایەک نەبێت، کێشە دروست دەبێت." لەکاتێکدا سەرۆک کۆمار لە ڕاوێژدایە بۆ دۆزینەوەی کاندیدێک بۆ سەرۆک وەزیران. کاندیدکردنی محەممەد شیاع سوودانی کە بەرپرسێکی بااڵی حیزبی دەعویە لەلایەن دەوڵەتی یاسا و کوتلەی فەتحەوە، مەرجەعیەت و خۆپیشاندەران و تەنانەت سەرۆک کۆماریش تووشی "ئیحراجی"دەکات، چونکە تا ئێستا ئەوان کەسێکیان وەکو کاندیدی سەرۆک وەزیران دیاری نەکردووە.

بێڵایەنی کورد

دکتۆر ئەردەڵان نوردین پەرلەمانتاری عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەدەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە: کورد تا ئێستا خۆی بۆ پشتگیری کردنی کاندیدێکی دیاریکراو یەکلایی نەکردۆتەوە. ئەوەشی گوتووە: کورد گەڕەنتی پاراستنی مافە دەستوریەکانی دەوێ، کێشەی لەگەڵ هیچ کاندیدێکدا نیە. کاندیدی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەلایەن خۆپیشاندەران و کوتلە سیاسیەکانیشەوە جێی بایەخە، بەو پێیەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی داهاتووی کێشاوەتەوە، لەلایەن کوتلەی فەتحی هادی عامریەوە وەکو کاندید پێشنیار بکرێت، بەڵام وەک سەرچاوەکە دەڵێت "ئەمە دیسانەوە کێشە دروست دەکات، چونکە پێناچیت سەدر و خۆپیشاندەران پێی ڕازی بن". هەروەها گوتیشی: سەرۆک کۆمار لە پەیوەندی چڕدایە لەگەڵ کوتلەکان و خۆپیشاندەران و چالاکوانان لەسەر مەسەلەی کاندیدی سەرۆک وەزیران. کاندیدکردنی محەممەد شیاع سوودانی کە بەرپرسێکی بااڵی حیزبی دەعویە لەلایەن دەوڵەتی یاسا و کوتلەی فەتحەوە، مەرجەعیەت و خۆپیشاندەران و تەنانەت سەرۆک کۆماریش تووشی "ئیحراجی"دەکات، چونکە تا ئێستا ئەوان کەسێکیان وەکو کاندیدی سەرۆک وەزیران دیاری نەکردووە.

بێڵایەنی کورد

دکتۆر ئەردەڵان نوردین پەرلەمانتاری عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەدەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە: کورد تا ئێستا خۆی بۆ پشتگیری کردنی کاندیدێکی دیاریکراو یەکلایی نەکردۆتەوە. ئەوەشی گوتووە: کورد گەڕەنتی پاراستنی مافە دەستوریەکانی دەوێ، کێشەی لەگەڵ هیچ کاندیدێکدا نیە. کاندیدی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەلایەن خۆپیشاندەران و کوتلە سیاسیەکانیشەوە جێی بایەخە، بەو پێیەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق و پرۆسەی سیاسی و ئیداری وڵات دەکات.

لێکترازانی ماڵی شیعە

سەبارەت بە ئاڵۆزتربوونی دۆخی عێراق و بەردەوامی خۆپیشاندانەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی کوشتنیان لە گژوپانەکاندا و یەکلا نەبوونەوەی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر هەیە دۆخی عێراق ئاڵۆزتر ببێت، بەهۆی ئەوەی پێکهاتە شیعەکانی عێراق بەسەر دوو بەردا دابەش بوون. د.ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاندووە: ماڵی شیعە ناکۆکە لە دیاریکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، کاتی زۆریش نەماوە، ئەمڕۆ ماوەی یەکەمی دەسەڵاتی سەرکۆمار بۆ ڕاسپاردنی کەسێک بۆ پێکهێنانی حکوومەت تەواو دەبێت. باسیشی لەوە کرد کە دەنگۆی دیاریکردنی محەممەد شیاع سوودانی هەیە، بەڵام بە فەرمی هێشتا نازاندرێت. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی نەیشارەدەوە کە ئەگەر هەیە دۆخێکی ئاڵۆز لە عێراق بێتە ئاراوە، بە تایبەتیش بەهۆی ئەوەی نێومانڵی شیعە بەسەر دوو بەردا دابەش بوون، "بەشێکیان دەڵێن با سائیروون کە کۆتلەی گەورەی پەرلەمانی عێراقە، کەسێک بۆ سەرۆک وەزیران دیاری بکات. بەشێکی دیکەش کە هەریەکە لە لیستەکانی (فەتح، دەوڵەتی قانون، ئیراده و کەفائە)ن کە سەرجەمیان120 ئەندامی پەرلەمانیان هەیە، محەممەد شیاع سوودانییان پێشنیاز کردووە.

ڕەتکردنەوەی سوودانی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە

خۆپیشاندەرانی عێراقی لە مەیدانەکانی خۆپیشاندان، ڕۆژی هەینی و شەممە دەربارەی هەواڵی کاندیدکردنی محەممەد شیاع سوودانی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند و دژی وەستانەوە. خۆپیشاندەرانی مەیدانی تەحریری بەغدا دژی هەواڵی کاندیدکردنی محەممەد شیاع سوودانی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ناڕەزایەتییان دەربڕی. لە هەمان کاتدا خۆپیشاندەرانی پارێزگاکانی باشووری عێراقیش کاندیدکردنی سوودانیان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران ڕەتکردەوە. خۆپیشاندەران پێیانوایە ئەو کەسە پێشتر پۆستی حکوومی زۆری هەبووە و ناتوانێت ببێتە سەرۆک وەزیرانێکی بێلایەن بۆ حکوومەتی عێراق. لەوەش زیاتر لافیتەیان بەرزکردەوە و لەسەریان نووسیوە "بێلایەنمان دەوێت نەک دەستەکارکێشاوە" ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ دەستەکارکێشانەوەی



سەرۆکوەزیرەکانی عێراقدا عادل عەبدولمەهدی باشترین سەرۆکوەزیری عێراق بووە، بەڵکو خۆپیشاندانەکانی عێراق دژی کۆی سیستەمی عێراقن، ئەو سیستەمەی دوای پڕۆسەی ئازادیی عێراق هاتووەتە ئاراوە، لای عێراقیەکان ڕەسیدی نەماوە، لەبەر ئەوەش هاووڵاتیان باشترینەکەشیان قبووڵ نییە چ جای بگاتە خراپەکەیان، واتە ئەوەی دەستی لە کار کێشاوەتەوە، باشترین سەرۆکوەزیری عێراق بووە، ئەوانەی ماون کەسیان لە عادل عەبدولمەهدی باشتر نین.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ دەشڵێت: کەسێک ببێتە سەرۆکوەزیری عێراق، کە لای هاووڵاتیان پێشتر تاقی کراوەتەوە و دیارە سەر بە کێیە و چۆنە، کێشەی ئێستای عێراقیش بە سەرۆکوەزیرانێک و فەرماندەیەکی سەربازی چارەسەر نابێت، لەبەر ئەوەش بە دەستەکارکێشانەوەی هیچ بەرپرسێک، کێشەکان کۆتاییان نایەت. پەیوەست بەوەی چاوەڕێ دەکرێت لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە سەرۆکوەزیران دیاری بکرێت، دکتۆر چواس حەسەن گوتی: ئەمە بەلاڕێدابردنی پرسی دانانی سەرۆکوەزیرانە بە هۆی بێپلانییەوە، تەنیا هەوڵێکە بۆ ڕازیکردنی دڵی خۆپیشاندەران، ئەگینا خۆپیشاندەران بە هیچ سیستەمێک ڕازی نین، ئایا بە چ ئالیەتێک خۆپیشاندەران سەرۆکوەزیران دیاری دەکەن؟.

نەوەی مەهاتما غاندی بۆ «خەبات»:

ئەگەر ئێستا باپیرم لە ژیاندا بوایە نەیدەهێشت کورد ئەم غەدرەی لێبکرێت

لەم 100 ساڵەی دواییدا زوڵمێکی ئێجگار زۆر لە کورد کراوەو لە ئێستاشدا زوڵمی سەر کورد بەردەوامە

پشتبەستن بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەلایەن ئەو گەلانەی کە دەوڵەتیان نییە زۆر هیوابەخش نییە

نیویورک/ مەریوان نەقشبەندی

لەدیمانەیەکی تایبەت بە رۆژنامەی خەبات نەوەی مەهاتما غاندی سەرکردەی ئازادیخوازی ناسراوی جیهان کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا پەیکەری بۆ دروست کراوە و وەک رەمزی ئاشتی و ئازادی سەیر دەکرێت لەشاری نیویۆرک لەدیمانەیەکی تایبەت بە رۆژنامەی خەبات باسی لەو زوڵمە بەردەوامەی سەر گەلی کورد کرد و گوتی ئەگەر باپیرم لەژیاندا بووایە نەیدەهێشت کورد ئەم غەدرەی لێبکرێت.



لەم دیمانە تایبەتەدا خاتوو هۆنۆرابلی ئیلا غاندی تەمەن 81 ساڵ نەوەی سەرکردەی میژوویی ئازادیخوازی مەهاتما غاندی گوتی:نیوسەدەی ژیانم تەرخان کردوە بۆ لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر گەلانی ژێردەستە و زوڵملێکراو لەسەرتاسەری جیهاندا و لەسەر زوڵم و جینۆسایدی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی هەردوو ئەمەریکا و ئوسترالیا و ئەفریقیا و لەسەر جینۆسایدی مووسڵمانەکانی ڕۆهینگا و ئەرمەنەکان و جووەکان و فەلەستینیەکان و کشمیر و تبتییەکان و چەندین ناوچەی تر زانیاریم کۆکردۆتەوە و لێکۆڵینەوەم کردووە، یەکێک لەو گەلانەش کە لەم25 ساڵەی دواییی زۆر گرنگیم پێداوە و بەردەوام موتابەعەی هەواڵەکانم کردووە و زانیاریم لەسەر کۆکردۆتەوە گەلی کوردە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم 100 ساڵەی دواییدا زوڵمێکی ئێجگار زۆری لێکراوە و ئێستاشی لەگەڵدابێت زوڵمی سەر گەلی کورد بەردەوامە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک پێویست بەدەنگیانەوە نەچوون و دیارە ناکۆکی ناوخۆی کوردانیش یەکێک بووە لەهۆکارەکان.

ئەم نەوەیەی غاندی باسی لەزانیاری میدیایی لەسەر ئەو هێرش و پەلامارانەی کە کراونەتە سەر گەلی کورد کرد و لەدرێژەی دیمانە تایبەتەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: زانیاریم لەسەر خەبات و شۆڕشی یەک لەدوای یەکی بارزانیەکان هەیە و دەزانم کە تائێستا ناوی بارزانی وەک ڕەمزی ئازادیخوازی و داواکاری مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی گەلی کورد دێت و زۆر بەئەسەفەوە لەسەر کێمیابارانی خەڵکی کوردستان و ڕووخاندنی شار و گوندەکانیان زانیاریم کۆکردۆتەوە، لەدوای سەرهەڵدانی تیرۆرستانی داعش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زانیاری زۆرم لەسەر ئازایەتی پێشمەرگە و جەنگاوەرە ئافرەتەکانی کورد لەڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان هەیە و زۆر نیگەرانم کە دەبینم ئەم گەلە خۆڕاگر و خەباتکارە هێشتا ڕووبەڕووی زوڵم دەبێتەوە و گوتیشی باپیرم ئەگەر ئێستا لەژیاندا بووایە هەڵمەتێکی گەورەی بۆ لابردنی ئەم زوڵمە میژووییە لەسەر گەلی کورد لەجیهاندا دەکرد.

لە دریژەی دیمانە تایبەتەکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات هۆنرا غاندی هەروەها باسی لەو زانیارییانە کرد کە لەسەر زوڵمی بەریتانیای ئەوکاتە لەسەر شێخ مەحمودی حەفید و گەلی کورد و دوورخستنەوەی ئەو سەرکردە کوردە لەلایەن بەریتانیەکانەوە بۆ هیندستان کرد و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی گەلی هیندستان لەوکاتەوە هاوسۆز بن لەگەڵ گەلی کورد.

لەبارەی تێڕوانینی بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان نەوەکەی غاندی گوتی: ئەوەندە زانیاریم هەیە کە کورد لە عێراقدا بارودۆخیان لەکوردەکانی وڵاتانی تر باشترە و هەست دەکەم ئێستا باشتر خواستەکانیان دەگاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەگەرچی من خۆم پێموایە پشت بەستن بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەلایەن ئەو گەلانەی کە دەوڵەتیان نییە زۆر هیوابەخش نییە و دەبێ گەلی کورد خۆی بە دوای خواستەکانی بگەڕێ و ڕێگەی دیموکراسیەت و ئاشتی و گفتوگۆ بگرێتەبەر، چونکە لەم سەردەمەدا شۆڕشی چەکداری بۆ بەدەستهێنانی مافی گەلان خوازراو نییە، ڕەنگە ئەو ڕێگایەی باپیرم بۆ گەلی هندستان گرتبوویە بەر بۆ ئێستای کورد و زۆر گەلانی دیکەی هاوشێوەی گەلی کورد گونجاو بێت .



لە شنۆ کۆڵبەرێک بە دەستڕێژی هێزە ئەمنییەکانی ئێران گیانی لەدەست دا

کۆڵبەرێکی خەڵکی شنۆ لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سنوورەکانی ئەو شارە بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران گیانی لەدەست دا.

بەپێی هەواڵی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری شنۆ و لە شوێنێک بە ناوی "گەلی گادەران" دەستڕێژیان لە پۆلێک کۆڵبەر و کاسبکار کردووە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک گیانی لە دەستداوە.

ناسنامەی ئەو کۆڵبەرەی کە گیانی لە دەست داوە "عەزیز مەعروفی" کوڕی حوسێن و خەڵکی گوندی "بێمزورتێ"ی سەر بە شاری شنۆ ڕاگەیەندراوە. بە گوتەی چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو کۆڵبەرە لە مەودایەکی نزیکەوە تەقەی لێکراوە و گیانی لەدەست داوە.

وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا:

سزاکانی سەر ئێران و کۆریای باکوور جێگرەوەی شەڕن

وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا، ستیڤن منوچن لەبارەی سزا ئابووریەکانی سەر ئێران و کۆریای باکوور ڕایگەیاند کە ئەو سزایانە جێگرەوەی شەڕن. وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا لە میانی بەشداریکردنی لە نۆزدەیەمین کۆڕبەندی دۆحە لە قەتەر، لێدوانی بۆ کەناڵی CNBCدا. وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا، ستیڤن منوچن باسی لە سەپاندنی سزا بەسەر ژمارەیەک وڵات لەلایەن ئەمەریکاوە کرد و ئاماژەی بەوەدا کە هۆکاری سەپاندنی سزاکان ئەوەیە کە جێگرەوەیەکی گرنگی ڕێگاچارەی سەربازین و پێشی وایە سوودی خۆیان هەبووە. ستیڤن منوچن گوتی: بەشێوەیەکی جددی بەرپرسیارییەتی ئێران، کۆریای باکوور و شوێنەکانی دیکە لەئەستۆ دەگرین.

وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا، ستیڤن منوچن لە میانەی پێشکەشکردنی گوتەیەکیش لە کۆڕبەندەکەدا ڕایگەیاند کە ئەگەر ئێران تەواوی مەرجەکانی ئەمەریکا جێبەجێ بکات ئەوا سەرجەم سزاکانی لەسەر هەڵدەگیردرێت.



سلێمانی.. گردبوونەوەیەک لە پێناو پاراستنی دارستانەکانی هەرێمی کوردستان

فارس قادر فەقێ عەبدوڵڵا*



کە گوتت حەق ئاو رادەوەستێت

ئەمە قسەی کوردە لە باب و باپیرانمانەوە بۆمان مایتەوە، بەڵێ کە گوتت حەق، کەواتە راست (عەدل) ئاو رادەوەستێت و هیچ ڕێڕەوێکی نامینێت دزەی پێدا بکات، بەڵێ ئاو لەسەر تەرازووی لەنگ جوڵە دەکات و لە تەرازووی راست، راست رادەوەستێت. ئەم شرۆڤە و بابەتەم لە بەرواری 2019/12/11وە کاردانەوەیەکی هزرییە لە ناخم ڕوویدا، بەرانبەر بە هەڵوێستی هەندێک کەس و گرووپی نابەرپرس بەناو کورد، بەڵێ کاتێک لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/12/11 لە کاتژمێری 3-4 بەرانبەر بە تەلەفزیۆن و کەناڵی ڕووداو دانیشتبووم، ئەم دوو هەواڵەم بیست:

1- نوێنەری سووریا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵامی پەیامنێری ڕووداودا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەسەر کێشەی کورد، گوتی: لە سووریا هیچ شتێک نییە پێی بگوترێت کێشەی کورد! من دەزانم ئەوە شتێکی سەیر نییە، ئەوە واقیعی کوردە لە سووریا و فەلسەفەی حزبی بەعسە و لەوە زیاتر چاوەڕوانیان لێ ناکرێت، بەڵام دەکرێ پرسیارێک لەو زۆڵە کوردانەی خۆمان بکەین، لە ڕۆژئاوای کوردستان کە چەندین ساڵە شەڕی هەموو دونیایان کرد، شەڕی کورد لەگەڵ کورددییان کرد! کوردستانی ڕۆژئاوایان پاوانکرد و بۆ خۆیان کەسیان قبوڵ نەکرد، کەچی تەنیا شەڕی ڕژێمی سووریایان نەکرد بۆچی؟ شارەکانی سووریایان پاراست بۆچی؟! بە بەشی کوردستانیشەوە تەسلیم بە سووریای بەعسیان کردەوە بۆچی؟ دەکرێت بپرسین و بڵێین برایانی خۆسەری (خۆربەسەر) بۆ کێتان کرد بۆ کوردستانتان تەسلیم بە بەشار ئەسەد کردەوە؟ بۆچی شەڕی هەموو کوردتان کرد تەنیا و تەنها شەڕی بەشارتان نەکرد توخوا بۆچی؟! دەبینین ئێستا لە وڵامدا نوێنەری بەشار گوتی کێشەیەک نییە ناوی کێشەی کورد بێت گەر وایە کەواتە ئێوە کورد نین! تکایە وڵام؟.

2- کاک عەلی باپیر لە مەراسیمی مردنی مامۆستا مەلا سدیق خوای لێخۆشبێت قسەی جوانی کرد، بەڵێ وایە لە کوردستان جیاوازییەکی زۆری چینایەتی دروستبووە لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند، بەڵێ ڕادەبەدەر جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە و ناکرێ وا بمێنێت، ناکرێ قبوڵ بکرێت، ناکرێ ئەم جیاوازییە بە ئاسایی وەربگیرێت، بە کورتی بەڕێوەبردنی خۆسەر لە سووریا شەڕی برایانی کورد لەگەڵ داگیرکەری تورکیا شەڕی کورد لە ڕۆژئاوا لەگەڵ داعش و قسەکانی مامۆستا عەلی باپیر لە جیاوازیی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان ئێبار بە ملم، هەڵوێستێ ئازایەتین، کوردایەتین، نیشتمانپەروەرین، بەڵێ مرۆڤ حەق بڵێ ئاو رادەوەستێت! جا باشە با پرسیارێک لە ڕێبەرانی خۆسەر بکەین بڵێین ئەی شەڕی کورد لەگەڵ کورد پاوانکردنی ڕۆژهەڵاتی کورد لەبەردەم کورد، کوشتنی کورد بە دەستی کورد تەسلیمکردنەوەی کوردستانی ڕۆژئاوا بۆ ژێردەستی داگیرکەری ڕژێمی بەعسی سووری و دان نەنانی دوژمنان بە کێشەی کورد و ئینکاریکردنی مافی کورد لە سەرەتای ساڵی 2020 کە چەند ڕۆژێکمان ماوە ئەی گوتن و باسکردنی ئەم شەرمەزارییانە چ خۆمان بکەین یان دوژمن ئەویش حەق نییە وابزانم ئەمانە ناشاردرێنەوە دەگوترێن.

با پرسیارێکی تر لە ماموستا عەلی باپیر بکەین و بڵێین مامۆستای بەڕێز قسەکانت زۆر جوان بوون، دەبێت بە ئاوی زێر بنووسین و ناشبێت ئەم جیاوازییە لە نێوان هەژاران و چینێکی دەوڵەمەندی تاوانبار و دز و جەردە هەبێت و ڕێگا بدرێت بڕیان بچێتە سەر، بەڵام خۆ ئەگەر منیش پرسیار بکەم و بڵێم ئەی چۆن دەبێت تۆ بە تەنیا لەناو پەرلەمانی کوردستان جورئەت بکەیت ڕێز لە سروودی ئەی ڕەقیب نەگریت! ڕێز لە شعووری 40-50 ملیۆن کورد نەگری! ڕێز لە دایکی شەهید نەگریت! ڕێز لە خوێنی شەهید نەگریت! ڕێز لە شعووری ڕۆڵەکانی شەهیدان نەگری؟! دە توخوا وڵام بدەوە!

ناکرێ بڵێیت ئایین ڕێگا نادات؟! گەروا بڵێیت منیش دەڵێم خوای گەورە ڕێگات پێ نادات شعووری 40-50 ملیۆن کەس بریندار بکەیت، پێ لەسەر سەری خەباتی سەدان ساڵەیان بنێیت، فەرمووی ئەوە من و تۆ و ئاینی ئیسلام، بەڵێ کورد ئیسلامە و لە ئیسلام تێدەگات، گەر ئەوەی بەڕێزیشت کردت سیاسەتە و سیاسەت بوو ببووڕە منیش حەقمە قسە بکەم دووبارە دەڵێم ماموستا مەلا عەلی بەڕێز و ئەوانەی ڕۆژئاواتان پاوانکرد و تەسلیم بە سووریاتان کردەوە، کە گوتت حەق ئاو رادەوەستێت، منیش حەقم! گەر ئەو پرسیارانەتان لێ بکەم، بانێک و دوو هەوا نابێت کوردستانێکی سەربەخۆ نەبێت حوکمڕانییەکی خاوێن و یەکسانی و دادپەروەریش نابێت، بەڵێ نابێت لە ژێر چەتری کورداییەتی و ئاڵای کوردستان و سەربەخۆیی هەمووی دەبێت ئەو کەسە بڕوای بە خاک و وڵاتی خۆی نەبێت، لەناو ناخی خۆی ئازاد نەبێت، بۆ خۆی نەبێت بە هیچ کەس نابێت، بەڵێ حەقمە بڵێم ناختان ئازاد بکەن، بەڵێ ڕاستی تاڵە، بەڵام کە گوتت حەق ئاو رادەوەستێت.

*** مامۆستای زانکۆ/ قوتابی دکتۆرا لە مێژووی هاوچەرخ و نوێ ، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتیزگای هەولێر (پ.د.ک)**

ئەحمەد کانی: ئاڵای کوردستان هێمای تێکۆشەران و پێشمەرگە قارەمانەکان و خوێنی شەهیدانە



دوێنێ یەکشەمە/15/12/ 2019 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری جەسام موشیر کارگێڕی لقی دوو، بەشداری ڕێورەسمێکی پێشکەشکردنی ئاڵای کوردستانی کرد کە لیژنەی ناوچەی ئازادی بۆ هەڤاڵانی سنووری لیژنە ناوچەکە ڕێکی خستبوو.


محەمەد تەها بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئازادی، وێڕای سوپاسی بۆ پشتیوانی کردنی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆژەکانیان، ئاماژەیان بە ئامانجی ڕێکخستنی مەراسیمەکە کرد.

هەر بەو بۆنەوە، ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دوو لە وتەیەکدا دەستخۆشی لە لیژنەی ناوچەی ئازادی کرد بۆ ڕێکخستنی مەراسیمەکە بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵا و ئاماژەی بەوە کرد کە بۆنەیەکی گرنگ و پیرۆزە،گوتیشی: ئاڵا هێمای هەموانە، هێمای تێکۆشەران و پێشمەرگە قارەمانەکان و خوێنی شەهیدانە، ئاڵا مایەی شانازیە بۆ کورد و تەواوی پێکهاتەو نەتەوە جیاوازەکانی لە کوردستان دەژین بەبێ جیاوازی.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، بەرپرسی لقی دوو باسی بارودۆخی ناوچەکەو عێراقی کرد و هێمای بۆ ئەوە کرد کە کوردستان بە ئاگر دەوردراوە، بەڵام هەرێمی کوردستان و بەتایبەت هەولێر ئارامترین شوێنە بە هەوڵی خەڵکی کوردستان کە خۆیان بە خاوەنی ئەزموونی کوردستان و دەستکەوتەکانی دەزانن هەر لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا، ئەحمەد کانی سوپاسی خۆڕاگری خەڵکی کوردستانی کرد کە لە ڕۆژانی سەختدا نەیانهێشت مەرامی ناحەزانی کوردستان سەربکەوێ، باسی پرۆژە چاکسازیەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی کرد کە یەکسانی لە نێوان هەمووان دروست دەکات و بۆتە جێی ئومێدی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش ئەوانەی کە بڕی مووچەیان کەمە.

بەرپرسی لقی دوو گوتیشی: گەلی کوردستانیش پێداگرە لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140و پاشگەزبوونەوە لە مافەکانی کورد قەبوڵ ناکرێ ڕۆژانێک کوردستان لانەیەک بووە بۆ ئەوان تا خەباتی سیاسی خۆیان تێدا بکەن، ئێستاش هەوڵیر بۆتە بەشێکی گرنگ لە هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان.

پارتی ئازادی کوردستان: سیاسەتی سەرۆک بارزانی سیاسەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و ئێمە وەک سەرۆکی نەتەوەیی بۆ هەموو گەلی کورد لێی دەڕوانین



عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی بەرپرسی دیسک پارچەکانی تری کوردستان و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی لە مستەف تۆز چەلیک سەرۆکی گشتی پارتی ئازادی کوردستان لە باکو PAK و عەبدلرەحمان گوندی ئەندامی سەرکردایەتی و ئۆرهان کایە نوێنەری پارتی ئازادی لە هەرێم کرد .

لە دیدارێکدا، ڕەوشی ناوچەکەو پرۆسەی سیاسی لە باکورو تورکیا بەگشتی باسی لێوەکرا، هەر لەو دیدارەدا باس لە هەنگاوەکانی پرۆسەی سیاسی و خۆنیشاندانەکان لەعێراق و هەموو ئەو گرفتانەی ئەمڕۆ هاتوونەتە کایەوەو کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان کرا، هەر لەو دیدارەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی باسی لەهەماهەنگی و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولاو هەنگاونان بۆ پاراستنی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و تایبەتمەندی و بەدەستهێنانی مافی گەلی کوردستان بەپێی واقیعی سیاسی لەهەر ولاتێک لەم ولاتانە بەشێوەیەکی دیموکراسی و یاسایی بۆ شاندی میوان خستەروو، هەروەها شاندی میوان تەئکیدیان کردەوە سیاسەتی سەرۆک بارزانی سیاسەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەو ئێمە وەکو پارتی ئازادی وەک سەرۆکی نەتەوەیی بۆ هەموو گەلی کورد لێی دەڕوانین و شانازی بەپەیوەندی و برایەتی پارتی ئازادی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و کونسوڵی ئەڵمانیا کەرتی گەشتیاریی و ڕاهێنانی فەرمانبەران و هەلی کار تاوتوێ دەکەن



ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیوانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، پێشوازیی لە خاتوو باربارا وۆلف، کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەولێر و شاندی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا پەرەپێدانی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و کونسوڵخانەی ئەڵمانیا تاوتوێ کرا، هەروەها چەند پرسێکی دیکەی سیاسی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و گرنگی پرۆژەیاسای چاکسازی باسیان لێوەکرا، تیمە زانکۆییەکانی ئەڵمانیا بۆ کارکردن لە شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان و پرسی گەشتوگوزار و پەرەپێدانی زیاتر بەو کەرتانە گفتوگۆیان لەبارەوەکرا و جەختیش لە هەماهەنگی و هاوکاری نێوانیان کرایەوە، بە تایبەتی کە هەرێمی کوردستان شوێنی گەشتیاری و شوێنەواری زۆری هەیە و دەکرێت بایەخی زیاتر بەو کەرتە گرنگانەی کوردستان بدرێت، بەهۆی بوونی شوێنەوار و سروشتی جوانیی شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی کەرتی شوێنەواریی هەرێمی کوردستان و هەماهەنگی نێوان کونسوڵخانەی ئەڵمانیا و تیمی زانکۆکانی ئەو وڵاتە کرا بۆ بایەخدان و دۆزینەوەی شوێنی نوێی شوێنەواریی، کە حکوومەتی ئەڵمانیا بە چاوێکی بایەخەوە دەڕوانێتە ئەو پرسە و لەم ڕووەوە جەخت لە هەماهەنگی هەردوولا کرایەوە.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ خاتوو باربارا بە گشتیی جەختیان لە پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ ڕێکخراوەکانی وڵاتی ئەڵمانیا کردەوە کە پەیوەندیدارن بە ڕاهێنانی فەرمانبەران و دابینکردنی هەلی کار و پێویستی هاوکاری و هەماهەنگی نێوانیان.

پرسەو سەرەخۆشی

بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (حاجی سالح زیارەتی)

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین و ماندوونەناس و دڵسۆزی ڕێبازی پارتی و بارزانی (حاجی سالح زیارەتی)مان پێگەیشت. بەو بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشی لەخۆمان و بنەماڵە و کەسوکاری کۆڵنەدەرتان دەکەین، خوای گەورە سەبر و ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و جێگای خوالێخۆشبووش بەهەشتی بەرین بێت.

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و ڕێکخراوی میرسی، کار لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان دەکەن



دوێنێ، د. سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی ڕێکخراوی میرسی کە پێکهاتبوون لە ڕۆشین میرگان ڕاوێژکاری سیاسی و پلاندانان و و عمر ئەلتەل بەرێوبەری پرۆگرامەکانی فێرکردن و فوئاد جاف، بەرێوبەری گشتی پەیوەندییەکانی ڕێکخراو کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لە بایەخدان بە گەنجان و پەرەپێدان بە تواناکانیان کرایەوە و بە گرنگییەوە باس لە هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی و ڕۆشنبیری و لاوان و ڕێکخراوی میرسی کرایەوە.

وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن: دانانی هێڵی شەمەندەفەر لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان دیزاین کراوە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە دانانی هێڵی شەمەندەفەر لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان دیزاین کراوە و تەنیا جێبەجێکردنی پرۆژەکە ماوە.

ئومێد محەمەد سالح وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخەباتی ڕاگەیاند: لە کابینەکانی پێشتری حکومەتی هەرێم دیزاینی هێڵی ترام بۆ هەرسێ شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک کراوە و کۆتایی هاتووە، بۆ 4 ساڵی داهاتوش لە پلانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنایە و لەبارەی پلانی چوار ساڵی داهاتووش وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی پرۆژەکانی هێڵی شەمەندەفەر ئەو بەرپرسەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئاماژەی بەوە کرد پلانمان ئەوەیە لە 4ساڵی داهاتوودا دەست بە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان شارەکان دەست پێبکەین.

قیرتاوکردن لەشەقامی 150 مەتری هەولێر دەستی پێکرد و کارکردنیش تێیدا بەردەوام دەبێت



وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت ، قیرتاوکردن لەشەقامی 150مەتری هەولێر دەستی پێکردووە و کارکردنیش لەشەقامەکەدا بەردەوامە.

وەزارەتی شارەوانی ڕایدەگەیەنێت ، شەقامی150 مەتریی هەولێر، پرۆژەیەکی ستراتیژییە لە شاری هەولێر جێبەجێدەکرێت، پرۆژەکە دەکەوێتە پشت شەقامی120 مەتریی هەولێر و بە شێوەی بازنەیی بە چواردەوری هەولێردا هاوولاتیان دەتوانن هاتوچۆ بکەن. وەزارەتی شارەوانی ئاماژە بەوەش دەکات کە بە تەواوبوونیشی بەشێکی زۆری ترافیک و بارگرانی ئۆتۆمبێل لە شار کەم دەبێتەوە، هەروەها سیمایەکی جوانیش بە شاری هەولێر دەبەخشێت.

هەروەها ڕاشیدگەیەنن ، کەشەقامی 150 مەتری هەولێر ، شەقامێکی خێرایە و شارۆچکەکانی بنەسلاوە، کەسنەزان، دارەتوو، بەحرکە، مەلاتۆمەر و ڕێگەی گوێر و قۆڕبتان و سەرکاریز بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

ئاگادارییەک لەبارەی کارتی نیشتمانی بلاو دەکرێتەوە

فەرمانگەی کارتی نیشتیمانیی هەولێر: داوا لەو هاوولاتیان دەکەین، کە سەردانی بەرێوەبەرایەتییەکەمانیان کردووە، بە مەبەستی دەرهێنانی کارتی نیشتیمانی تا بەروای 2019/12/1 پەنجەمۆریان کردووە، دەتوانن بۆ وەرگرتنەوەی کارتی نیشتمانی سەردانی بەرێوەبەرایەتییەکەمان بکەن.

ئاماژە بەوەش دراوە، بۆ وەرگرتنەوەی کارتی نیشتمانی، پێویستە هاوولاتیان لە ڕۆژانی یەکشەمە تا پێنجشەمە و لەکاتژمێر 2ی پاش نیوەڕۆ تاکو 6ی ئێوارە، سەردانی بەرێوەبەرایەتییەکەیان بکەن.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/12/16 ژمارە (5893)

سالێک بەسەر کۆچی ناوادەی رۆژنامەنووس سەید محەمەد سەروچاوەیی تێپەڕی

ئەو رۆژنامەنووسەی زۆرجاران بە (پەیامنێری سەرسنوور و پەیامنێری شاخ) ناومان دەبرد





پرۆفایلی رۆژنامەنووس سەید محەمەد سەروچاوەیی

سەید محەمەد سەروچاوەیی رۆژنامەنووس و پەیامنێری رۆژنامەی خەبات، لە سالی 1971 لە رانیە لەدایکبووە و ماوەی 14 سال کاری رۆژنامەوانی کردووە، لە تەمەنی یەک سالیدا دایک و باوکی بەهۆی رووداوێک شەهید دەبن و خۆی و خوشکە بچووکەکەی بە تەنیا دەمێننەوە، لەگەڵ هەموو سەختی و ناخۆشییەکانی ژیاندا توانیوویەتی تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی بخوێنێت و بەردەوامیش کاری کردووە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان.

لە سالی 1982 دەستی بەکاری نواندن کردووە و لەگەڵ تیپی شانۆیی سەروچاوە وەک ئەکتەر و یاریدەدەری دەرهێنەر خزمەتی بە بواری هونەریی دەڤەرەکە کردووە، لە سالی 2005 دەستی بەکاری رۆژنامەوانی کردووە و زۆربەی راپۆرت و هەواڵ و بەدواداچوونەکانی لە رۆژنامەی خەبات بلاو کردۆتەوە لە چەندین رادیۆ و سایتیش بەهەواڵ و راپۆرت بەشداریی کارای هەبووە. ئەو بەپێی ئەو پێگە جوگرافییە سەختەی لە سنووری کارو چالاکییەکانیدا بوو، تەنها بۆ رۆژنامەی خەبات نا ، بەڵکو بۆ ژمارەیەکی دیکەی دەزگا میدیاییەکان سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری میدیایی بوو، زۆرتر گرنگی بە ژیان و گوزەرانی رەوەند و جووتیارانی ناوچەکە دەدا و هەمیشەیش لە خەمی بژردومان و تەنگژە و ئاریشەکانی سەرسنوور و ئەو بارودۆخە نائاسایی و لەناکاوانەدا بوو، کە نەخوازراوانە رووبان لەو دەڤەرە دەکرد.

سەید محەمەد سەروچاوەیی لە سالی 1987 هاوسەرگیری لەگەڵ خانمێکی سەربەرز کردووە و دوو کوڕ و پێنج کچی لەدوای خۆی جێهێشتووە و لە رۆژی 2018/12/16 بەهۆی جەڵتەی دڵ بۆ یەکجاری مااڵئاوایی لە ژیان کرد.

بیروڕیەکانی تیادا بگێڕینەوە، بۆیە بەگشتی دەمەوێ باس لەوە بکەم ئەو هەمیشە پیاوێکی خاوەن هەڵوێست بوو، لە کارەکەی پێشەنگ و پیاوێکی راستگۆ و دەستپاک بوو، ئەوەندەی پەیوەندی لەنێوان من و ئەودا بووە، هیچ کاتێک کەموکوڕییەکم لێی نەبینیووە، قەناعەتی بەو بڕە موچە کەمە هەبوو کە ببووە بژێوی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی، دەیویست سەربەرزانە بژی و ڕەنجی خەبات و ماندووبوونی خۆی بچنێتەوە، بڕوای بە پیشەکەی هەبوو و بەئەمانەتەوە کارەکانی ئەنجام دەدا، زۆرجار دەیگوت: پێمخۆشە سەرم لێبدەن و خزمەتتان بکەم، پیاوێکی دەست و دڵ فراوان بوو، لەگەڵ ئەو ژیانەی خۆی راهات بوو، هەرچەندە شایستەی زیاتر و زۆرتر بوو.

تێپەڕبوونی سالێک بەسەر کۆچی دوایی رۆژنامەنووسێکی کارا کە پەیامنێری رۆژنامەیەک بوو زیاتر لە 60 سالّ تەمەنی هەیە، دەبوو یادکردنەوەیەکی جیاوازبێت و هەروا بەلاپەڕیەک کۆتایی نەیەت، بەڵام دیارە هەرئەوەندە دەکرێت و ئەوەی زیاتر بۆ خانەوادەکەی و ئێمەیش جێگەی سەربەرزی بێت، ئەو هەتا لە ژیاندا بوو درێخی نەکرد و بەوپەڕی ئەمانەت و راستگۆییەوە ئەدای ئەرکەکانی خۆی کرد و سەربەرزانەش ژیا ، مەخابن مەرگ مەودای نەدا کاکە سەید زۆرتر لەگەڵمان بەردەوام بێت و هەرگیزیش دوایین قسەکانیم بیرناچێتەوە کە لەرۆژی کۆچکردنی یەکجارەکی لە ژووڕەکەی منداکردی، بەڕاستی کۆچێکی لەناکاو و مەرگێکی ناوادەبوو، بۆیە تا ئێستایش هەمووانی تاساندووە و لەخوای گەورە داواکارین سەبووری بە خانەوادەکەی بدات و گیانی سەید محەمەد بە بەهەشت شاد بکات و خێزان و منداڵەکانی سەرکەوتوو بکات.

سەردار حوسێن

ئەمڕۆ سالێکی تەواو بەسەر کۆچی ناوادەی هەڤاڵ و هاوکاری ئازیزمان سەید محەمەد سەروچاوەیی تێپەڕ دەبێت، ئەو رۆژنامەنووسەی هەمیشە حەزی لە کاری مەیدانی بوو و کەمتر خۆی بە نووسینەوە سەرقاڵ دەکرد، ئەو بەردەوام هەوڵی دەدا هەواڵ و چالاکی دەڤەرێکی پڕ لە کێشەو ئاڵۆزی بگوازێتەوە بە هەموان بڵێت لەو دەڤەرە چ باسە.

سەید محەمەد سەروچاوەیی هاوکار و هەڤاڵێکی ئازیزی ئێمە بوو، دەتوانم بڵێم لە تەواوی تەمەنی کارکردنی کەسانەیش بم کە لێدوانمان پێ دەدەن و دیمانەیان لەگەڵ دەکەم، تایبەتمەندییەکی دیکەی سەید محەمەد ئەوە بوو، رۆژنامەنووسێکی بە سەلیقە و پشوو درێژ بوو، نەیدەزانی ماندووبن چییە و مکوڕ بوو لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارانەی مەبەستی بوو بیکات. ڕەنگە ئەوەیش تەنیا قسەی من نەبێت، بەڵکو هەموو ئەو هەڤاڵ و هاوکارانەی رۆژانێک سەروکاریان لەگەڵ سەید محەمەد سەروچاوەیی هەبووە، هەمان قسە بکەن، چونکە هەمووان خۆشیانەویست و ئەویش لای هەمووان جێگەی ڕێز و ستایش بوو.

محەمەد سەروچاوەیی تەنها رۆژنامەنووسێکی چالاک نەبوو، بەڵکو پیاوێکی خۆشەویست و قسەخۆش بوو، زۆرجار حەزم دەکرد زوو ئیشوکارەکانی رایی نەکەم بۆ ئەوەی زۆرتر لەلام بمێنێتەوە، مانەوەی سەید محەمەد لە هەر کۆڕ و دانیشتنێکی دۆستانە تاموبۆیەکی جیاوازی بەو دانیشتنە دەدا، هەمیشە حەزمان دەکرد سەید محەمەد قسە بکات و ئێمە گوێ بگرین، ئەو ڕووداوە ناخۆش و تاڵەکانیشی بە نوکتە و پێکەنین دەگێڕایەوە، هەموو ئەو بیرەوەرییانەی لەگەڵ کاکە سەیدی خۆشەویست هەمانە شیاوی گێڕانەوەن، بەڵام ڕەنگە ئەم دەرفەتە بۆ ئەوە نەبێت

لە سالیادی کۆچی دوایی (سەید محەمەد سەروچاوەیی) رۆژنامەنووس دا

بە مەرگی لە ناکاوی کاکە سەید هاوڕێ و هاوپیشەیەکی دڵسۆزمان لە دەستدا

ڕێبوار هەورامی

سالێک بەر لە ئێستاو ل رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا هەواڵی مەرگی کتوپڕی هاوڕێی رۆژنامەنووس کاکە سەید محەمەد سەروچاوەییمان پێگەیشت، بە داخەوە هێشتا زۆر زوو بوو بۆ کۆچی لە ناکاوی کاکە حەمە، من وەک هاوڕێیەک و هاوپیشەی کە چەند سالێک پێکەوە کارمان کردووە، هەگیز دڵسۆزی و بوێری و توانای ئەم رۆژنامەنووسەم لە یاد ناچێت .

رۆژنامەنووس (سەید محەمەد سەروچاوەیی) وەک ئەندامێکی کارای بواری رۆژنامەنووسی هەمیشە لە خەمی گەیاندنی هەواڵدا بوو، هەردەم جەختی لەسەر دڵنیابوونی سەرچاوەو راستی هەواڵەکانی دەکردەوە، ماوەی چەند سالێک پێکەوە لە (ڕادیۆی نەوەرۆز) کە زمانحاڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو کارمان دەکرد، ڕۆژانە کاکە حەمە هەواڵەکانی دەڤەرەکەی کە پشدەر بوو بۆ دەناردم، ئەوەندە بە سەلیقە بوو لە کارەکەیدا لە هەر رووداوێکی ناوچەکە ئاگاداری دەکردینەوە، بە هەمان شێوە لە (رۆژنامەی خەبات) وەک پەیامنێرێکی چالاک بێتوچان کاری هەواڵی دەکرد و هەر لە رووداوە سیاسەکانەوە هەتا کەشوهەوا ئاگاداری دەکردینەوە، رۆژنامەنووس (سەید محەمەد سەروچاوەیی) هەرگیز لە داواکاریم بۆ ڕووماڵکردنی هەواڵێک دوانەدەکەوت و تەنانەت زۆرجار شەوانی درەنگ هەواڵەکەی بۆ دەناردم، هەرگیز نەمبینی بۆ ساتێکیش گەیاندنی هەواڵ پشتگوی بخات، هەمیشە بە زمانی شیرین و قسەخۆشەکانی ئەوەندەی تر هەواڵەکەی گەرموگوڕتر دەکرد (زۆربەی گەیاندنی هەواڵەکانی بۆ من لە ڕێی تەلەفۆنەوە بوو).

بە مەرگی لە ناکاوی کاکە سەید هاوڕێ و هاوپیشەیەکی دڵسۆزمان لە دەستدا، سەرەڕای چوست و چالاکی لە پیشەکەیدا خاوەنی دڵێکی گەورەو زمانێکی شیرین بوو، هەر ڕۆژێک بەهاتایەتە ڕۆژنامەی خەبات زۆربەمان لە دەوری کۆدەبوویەنەوەو بە گوفتارە جوانەکەی و قسە خۆشەکانی شادمانی دەکردین، لە سالیادی مەرگی ڕۆژنامەنووس (سەید محەمەد سەروچاوەیی) دا وەک سەرجەم هاوپیشەکانی هەرگیز لە یادی ناکەین و دڵێژە پێدەری ڕێگاکەی دەبین، درود بۆ ڕۆحی بێگەردی کاکە سەید محەمەد و سەرجەم هاوپیشە کۆچکردووەکانمان.



لە یادی 58 ساڵەی داستانی زاوێتە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

سەرۆک بارزانی: داستانی زاوێتە دایکی هەموو داستانەکانە کە لە زاوێتە دەستیپێکرد و لە کۆڕێ تەواو بوو

پێشمەرگە ئیسپاتی کرد هەرکات کەرامەتی وڵاتەکەی بکەوێتە مەترسییەوە، ئامادەیە خۆی لەپێناو نیشتماندا بەخت بکات





خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاوۆکی

ئەمڕۆ یادی 58 ساڵەی داستانی زاوێتە دەکەینەوەی کە ئەو داستانە قارەمانیەتی پێشمەرگەکان بە رابەرایەتی بارزانیی نەمر لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول رۆژی 1961/12/12 ئەم داستانە تۆمار کرا، لە داستانێکی کەم وێنە بە دروشمی کوردستان یان نەمان پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول گورزێکی ئەوتۆیان لە سوپای ئەوکاتەی عێراق و رژێمەکەیان دا کە ئەم داستانە بە خوێنی چەند پێشمەرگە و شەهید تۆمار کرا کە لەو داستانە خۆراگرانە پێشمەرگەکان دوژمنیان لە هەموو لایەک شکست دا.

جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە رۆژی 12/12/ 2009 لە مەراسیمی یادی داستانی زاوێتە لە دهۆک کە پێشمەرگە بەشداربووەکانی ئەو داستانە بەشدار بوون بە هاوکاری لقی 1ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تێدا سەرۆک بارزانی لە وتەیەکیدا، ئاماژەی بە گرنگی ئەو داستانەدا کە گوتی: دەتوانین بڵێین، داستانی زاوێتە دایکی هەموو داستانەکانە کە لە زاوێتە دەستی پێکرد و لە کۆڕێ تەواو بوو، رۆژی 12/12/ 1961 پێشمەرگە قارەمانەکان بەریان لە شالاوی سوپا و پۆلیسی دوژمن گرت و ئەم داستانە میژوویییەیان بە خوێنی گەش و بەرخودانی سەرچاوە گرتوو لە ئیرادەی سەرکەوتن تۆمار کرد و گوتی: هەر میللەتێک ئەگەر میژووی خۆی نەزانێ، بێگومان ناشزانێ چۆن ئایندەی خۆی بونیادبنێ. بۆ ئەم یادە چۆنییەتی تۆمارکردنی داستانی زاوێتە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بۆ ئێوە خوێنەران دەخەینە ڕوو:

جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە لاپەڕەی48ی کتێبەکەیدا بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم 1691 - 5791 سەرۆک بارزانی ئەم فەرمانەی خوارەوەشی لە نێو پێشمەرگەکاندا بڵاو کرد:

1- مافی چوونیان بۆ گوندەکان نییە، چونکە بە چوونی پێشمەرگە بۆ گوند، ڕەنگە فڕۆکە بۆمبارانی گوندەکە بکات و زیان بە خەڵکی بگەیەنێت.

2- مافی وەرگرتنی هیچ شتێکیان لە خەڵکی گوندەکان نییە.

3- بەبێ هیچ چەشنە دوودڵییەک دەبێ فەرمانی بەرپرسەکانیان بەڕێوەبەرن.

4- لە شەڕکاندا بەبێ سود، فیشەک بەفیڕۆ نەدەن.

5- خۆپاراستنی تەواو لە کاتی بۆمباران و تۆپبارانەکاندا.

6- لە خاڵە لاوازەکانی دوژمن سودی تەواو وەرگرن وهێرش بکەنە سەر ئەو خاڵانەی لاوازن.

7- نابێ دیلەکان بکوژن، ئازاریان بدەن و سوکایەتییان پێ بکەن.

8- ئالوگۆڕکردنی هاوکاریی لەنێو هێزەکاندا و دەستپێشخەریی لەلایەن هەر هێزێکەوە بۆ یارمەتی گەیاندن بەهێزێکی تر کە دەکەوێتە جەنگەوە. هەروەها پەنابردنی بۆ شەڕی پارتیزانی بە چەند تاقمێکی بچووک بچووک کارێکی پێویستە بە مەبەستی کەمکردنەوەی قەوارەی زیان تا کەمترین ڕادە کە لە دەسەلاتدا بێ .دەربارەی ڕێکخستن و فەرمانەکانی بارزانیی نەمر لەکاتی شەڕدا، بەرلە کۆچی خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دێرین زەکی کامل ئاکرەیی دەڵێت:

لە دوای کۆبوونەوەکەدا جەنابی بارزانی لەشکرەکەی دابەشکرد بەسەر چوار قولەدا، لە نێو هەر قولێ گرووپ دابەشکران تا بتوانن فەرمانەکانی بارزانی بەجێ بگەیەنن، کە لەشکر بێتە لەشکرێکی نموونەیی بە لایەنی ڕەوشت بەرزی و دوور لە بەدکاری لە هەر خودێک بووە هۆی ئافراندنی هەڵگری تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکی شۆڕشگێر و خۆ بە بەرپرس زانین لە بەرامبەر مال و مووڵکی خەڵک و دوای ئەو ڕێکخستنە نوێیە هێزەکانی پێشمەرگە بەرەو خێڵی بەروارى باڵا لە زێی گەورە پەرپنەوە و گەیشتنە ئالووکە و پاشان بە ئەڕوانیش و سەر زێربدا بەرەو کانی ماسی شۆڕ بوونەوە .

هێزەکانی پێشمەرگە بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنیان بەدست دەهێنا و ڕۆژانە خەڵک دەچووە ناو شۆڕشی بارزانیی نەمر، بۆیە بەخاوێن بوونەوەی ئەو ناوچە لە جاش و پۆلیس پێشمەرگەکان توانییان بارەگا لە ناوچەکەدا بکەنەوە. سەرۆک مسعود بارزانی لە لاپەڕەی 55ی کتێبەکەیدا(بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم 1196-1975، لە ئازایەتی ئافرەتانی ئەو ناوچەیە دەدوێ و ئاماژە بە بیرەوەرییەکانی سەرۆک مستەفا بارزانی دەکات کە لەم بارەیەدا گوتوویەتی: (لە 7ی کانوونی یەکەم دیسەمبەری 1961، بالەفڕ بە جۆرێکی زۆر دڕاندنە گوندەکانی ئەو ئافرەتەیان بۆردومان کرد و سێ مندالی بچووکیان کوشت. ئەو دڕندەییە ئاشکرایە کارێکی زۆری کردە دڵ و دەروونم کە پڕزۆلە بەم لاوئەولادا پڕژ و بڵاوەبووەکانی لاشەی ئەومندالانم دی خۆم پێڕانەگیرا و فرمێسک بە چاوەکانمدا لووزەوەی بەست، ئەو ڕۆژە لە مالی عەبدوڵا عومەر حەمەڕەش بووین. دایکی عەبدوڵا کە ناوی مریەم بوو لێم نیزیک بووەوە و پێی گوتم: ئەز گوری، دەزانم بەهۆی شەهیدبوونی ئەو بچووکانەوە زۆر نارەحەت بووی، تکام لێت ئەوەیە خەم و پەژارە داتەگرێ .شۆڕش و سەربەخۆیی نرخی خۆیان هەیە کە پێویستە بدرێ ?ئێمەش ئامادەین بەری سالێکی مندالان و کڕەی جەرگمان بکەین بە قوربانی بۆ لاوانی ستەمی قاسم و هەمووەمان بە قوربانی کوردستان دەبین. شەرمەبۆ مرۆڤ کورد ببێ بە جاش و چلکاوخۆر. لە دەردەت گەریم، لەسەر ناوی خوا برۆ بۆ پێشەوە لە پێناوی کوردستاندا و گرێت لە سەرئەنجام و چارەنوسی ئێمە نەبێ). سەرۆک مسعود بارزانی لە دریژەی نووسینەکەیدا دەڵێت:

بارزانی گەلێ جاران ئەم قسانەی ئەم ئافرەتەی دەگێڕایەوە و باسی ئەو کاریگەرییە قوڵەی دەکرد.) ئەوە لەوکاتەدا بوو کە (مارگرێت جۆرجێ (کچە خەباتکاری ئاسوریی چەکی هەڵگرت و هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە. جگە لەوە کاتێک پێشمەرگەکان گەیشتنە ناوچەی خێڵی گلی ، سندی، دۆسکی خواروو و بەروارى خوارەوو، هەموو خەڵکی ئەو ناوچانە بە گەرمی پێشوازییان لە پێشمەرگەکان کرد. خێڵی گلی و سندی چەکیان هەڵگرت و چوونە ژێر فەرمانی بارزانی و هەموو ناوچەکەیان لە دوژمن پاک کردەوە.

دەستپێکردنی شەڕی زاوێتە

ڕۆژی 12/7/ 1961 بە تالیۆنێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی عەلی خەلیل خۆشەوی و چەند سەر قولێ، لەوانەیە ئیبراهیم مەجید عەولا، حوسێن شێخۆ بەنانی، مەم سینیا نێروەیی و ئیلدە کە کریسیان بوو. لەگەلی قانتارا لە نێوان زاوێتە و مانگێشک لە کەمیندا بوون کە یەکەیەکی سوپای عێراق هات جێی ئەو یەکە سەربازییە بگرێتەوە کە لە پێگەی سەرسەنگ بوو، یەکەی نوێ جێی یەکەی کۆن دەگرێتەوە و یەکەی کۆن بەرەو دهۆک دەگەڕێتەوە کە پێشمەرگەکان لە گەلی قانتارا لێیاندەدەن و شەڕێکی قورس لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدا. لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی عومەر باپیری و ئیبراهیم سندی شەهید و سێ پێشمەرگەش بە ناوەکانی عەلی خدر، خالید مستەفا بوسی و ئەحمەد هاجەری بریندارببوون، لەمبارەیەوە ئیبراهیم مەجید عەبدولا یەکێک لە بەشدارببووەکان لەو شەڕەدا گوتی:

نزیکەی 60 پێشمەرگە بووین، عەسکەر چوو بۆ سەرسەنگ و ئەوانەی ئەوێی گۆڕی. ئەوانەی گەڕانەوە کە بچن بۆ دهۆک 20 زیلی عەسکەری و 3 زرێپۆشیان پێ بوو، ئێمە لێماندان و لە ماوەی پێنج دەقیقەی یەکەمی شەڕەکەدا هەموویان تەسلیم بوون. هێشتا کۆمان نەکردبوونەوە کە دوو فڕۆکە هاتن و ئێمەیان بۆمباران کرد. بە دوای ئەوەدا هێزێک لە دهۆک و هێزێکیش لە سیانەتووکەوە بۆ یارمەتییان هاتن، هەتا نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو، ئێمە دوو پێشمەرگەمان لێ شەهید و سێ پێشمەرگەشمان بریندارببوون و بەناچار پاشەکشەمان کرد بۆ چیای ئەشکەوتەڕەش، هەواڵمان پێگەیشت کە 170 چەکداری حکوومەت لەو شەڕەدا کوژران و بریندار بوون. ڕۆژی دوایی پێشمەرگەکان ناحیەی سەرسەنگیان لە چنگ هێزەکانی حکوومەت دەرهێنا و ئازادیان کرد و گەلی زاوێتەیان خستە دەستی خۆیان کە دەڕوانیتە دهۆک. ڕۆژی 12/12/ 1961 سوپای عێراق بە کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر دۆڵی زاوێتە و ویستی ڕێگا لە دۆڵی زاوێتە و سەرسەنگ بگرێتەوە، لەمبارەیەوە پێشمەرگەی بەشداربووی داستانی زاوێتە(جەبرائیل محەمەد حەسەن سێلکی) گوتی: پێشمەرگەکان سەر بەهێزی مەلامستەفا بارزانی کە لە سەرقوڵانە پێکهاتبوون: عارس بێدارونی، محەمەدئەمین میرخان، مەلاشنی بێدارونی، مستەفا نێروەیی، شەریف عەبدوڵا و سەعید ئەحمەد شەڕی زاوێتەیان کرد، ئەوان بەرزاییەکانی ئەمبەر و ئەوبەری جادەکەیان گرت و لە بۆسەدا بوون تا هێزەکانی سوپا و پۆلیس گەیشتە ناو بۆسەکەیانەوە و لێیاندان. هەروەها بەشداربووەکانی داستانی زاوێتە هەریەک لە مستەفا سالح عەبدوڵا نێروەیی ، تەحسین نەزمی، سەعدوڵا ئەحمەد نێروەیی و کەرەم ڕەسوڵ مەم نێروەیی گوتیان لەسەر گەلی زاوێتە بووین کە قوتی جاشان گەیشتنە زاوێتە، ئێمە پێشمەرگەکان سەری زاوێتەمان گرت و شەڕمان کرد لەو شەڕەدا سەرۆک جاشمان کوشت و چاش شکان و ڕایانکرد، بەڵام دواتر سوپا بەهێزێکی زیاترەوە لەگەڵ جاشان هات.

دەسکەوتەکانی داستانی زاوێتە

لە دریژەی شەڕی زاوێتە زیاتر لە 600 چەکداری سوپا کوژران و 500 کەسیش بەدیل گیران کە زۆربەیان پۆلیس بوون، لەو شەڕەدا 76 ئۆتۆمبیل ئاگری گرت و 1500 چەکی جۆراوجۆر کەوتە دەست پێشمەرگەکان لەگەڵ بڕێکی زۆر فیشەک و تەقەمەنی. بەنوسینی سەرۆک مسعود بارزانی لە لاپەڕەی 58ی کتێبەکەیدا بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەرگی سێیەم ، بەشی یەکەم (1961-1975) لەو شەڕەدا 6 پێشمەرگە شەهید و 19 پێشمەرگەش بریندار بوون. بە هەوڵی سەلیم ئەسعەد خۆشەوی توانیم ناوی پێنج شەهید و 11 بریندارى ئەو شەڕە بە شێوەی خوارەوە ببینمەوە: مەحمود عەبدوڵڕەحیم شێروانی،حەسۆ قاسم شێروانی، دەسکۆ سۆفی حەسەن شێروانی، حەسکۆ سۆفی شێروانی، ئیبراهیم دۆسکی شەهید و شێخۆ ئەحمەد گەردی، سەعید مەلاعومەر شێروانی، کەکۆ مەلاعەلی شێروانی، بدرو شێخۆ عوسمان شێروانی، نەبی حەسەن عوسمان دۆڵەمەری، خدر عومەرەکەڕ دۆڵەمەری، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی مزوری، ئەحمەد سالح مەم نێروەیی، عەبدوڵا مەلاخدر جانگیر نێروەیی، محەمەد شەریف کەرەم سلێمان نێروەیی و کەرەم ئەسکەندەر شێخ حەیدەر نێروەیی. هەروەها ژمارەیەکی زۆر کەم لە هێزەکانی دوژمن تواناییان خۆ لە چنگ پێشمەرگەکان ڕزگار بکەن. لەم بارەیەوە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی یەکێک لە پاسەوانەکانی بارزانی کە لەو شەڕەدا بریندار بووە بۆ ئەو یادە گوتی:هەشت زێلی سەربازیی پڕ لە چەک و تەقەمەنییان گرت و زێلەکانمان بە چەکەوە تەسلیمی عارس بێدارونی کرد، لەو شەڕە لە ئامێدیش هێرشیان بۆ کردین، بەڵام حەسۆ دۆڵەمەری و پێشمەرگەکانی شکاندیانن. شەڕی زاوێتە وەرچەخانێکی نوێ بوو لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا و بەڵانسی هێزەکانی بە قازانجی پێشمەرگە گۆڕی و لە هەموو لایەکەوە کەریم قاسم بە هۆی دڕۆکانییەوە کە گوایە بارزانی کوشتووە و یاخی بووەکانی سەرکوت کردووە و وزەی لە شۆڕش بڕیوە، شەرمەزار کرد. لەو بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ ناسراو بە(عەبدوڵاغای پشدەری) دەڵێت: حکوومەت بە تۆندی ناوچەی بارزانی بۆمباران کرد و بارزانییەکان وەزعیان شڕ بوو، شێخ ئەحمەد بارزانی ناراحەت ببوو، ئەو هەموو خەڵکە کۆڕان و بریندارببوون و ئەوانەی تریش ئاوارەببوون و دنیاش بەرەو سەرما دەچوو. شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلامستەفا بارزانی ڕێککەوتن کە مەلامستەفا ناوچەکە بەجێبهێڵێ و بەسوریادا بچێ بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و شێخ ئەحمەدیش لەگەڵ حکوومەتی عێراق ڕێککەوێ .ئەوان هەر بەم جۆرەیان کرد، شێخ ئەحمەد بارزانی بروسکەیەکی بۆ کەریم قاسم نارد و ئەویش هێزەکانی سوپای لە بارزان کشاندەوە. جاشەکان ڕێگەیان نەبوو کە بچنە ئەوێ ?بەو شەرتەی مەلامستەفا بارزانی لەوێ نەمێنێ و شێخ ئەحمەد خۆی ناوچەکە بەڕێوەبەرێت. مەلامستەفا لە ناوچەی نێروێ و ڕێکان، خەڵکێکی زۆری دی و نزیکەی هەزار کەس لێ کۆبوەوە و گوتیان مەڕۆ و ئێمە لەگەڵتین. مەلامستەفا لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز بۆوە و لەوێ لە جاشەکانیدا و نزیکەی سێ مانگ شەڕی کرد. ئەمجارە مەلامستەفاش دوای پاک کردنەوەی ناوچەی زاخۆ و بادینان، چەکدارەکانی ڕێکخست و ئەمیر بەتالیۆنی بۆ دیاری کردن و بەرەو ناوچەی سۆران هات و زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکرد.

لە ڕێوڕەسمی یادی داستانی لۆمانا - زاوێتەدا، ڕۆژی چوارشەممە 2018/12/12 بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی ڕێوڕەسمی یادی 58 ساڵەی داستانی لۆمانا ژ زاوێتە لە شاری دهۆک بەڕێوە چوو، ئەم ڕێوڕەسمە کە لە لایەن ستافی گۆڤاری "سەنگەر و پێشمەرگە" ڕێک خرابوو، لەو ڕێوڕەسمەدا سەرۆک بارزانی وتارێکی پێشکەش کرد، تێیدا ڕۆشنایی خستە بەرخودانی میللەتی کورد و شۆڕشی ئەیلوول و هەروەها یادی داستانی لۆمانا- زاوێتە و ڕایگەیاند، 1961/12/12 تەنیا ڕۆژێکی میژوویی نییە، بەڵکو ڕۆژێکە میژووی دروست کرد، لەو سەرکەوتنە گەورەیە ئەوە دووپات کرایەوە، ئەگەر ئیرادەی بەهێز هەبێت، سەرکەوتن مسۆگەرە، ئیرادەش لە هەموو چەکێک بەهێزترە. سەرۆک بارزانی، قارەمانێتی و قوربانیدانی پێشمەرگەشی لەئێستادا، بۆ ئەو گیانە بەرەنگاربوونەوەیە گەڕاندەوە کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا چەسپا، کە ئێستا کۆڕ و نەوەی پێشمەرگەکانی ئەو شۆڕشە ئەم شانازییەیان پێ براوە، نموونەشی بە سەرکەوتنی پێشمەرگە بە سەر تیرۆریستانی داعشدا هێنایەوە.

سەرچاوەکان:

- کتێبی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەرگی سێیەم ، بەشی یەکەم (1961-1975) نووسینەوە سەرۆک مسعود بارزانی.
- کتێبی مستەفا بارزانی- پێشمەرگە و سەرۆک، نووسینەوەی حامد گەوهەری.
- ئەرشیفی ڕۆژنامەی خەبات.



ئێزدی نێزیکی 100 سەد رۆژیان دگرن بتنێ 3 سێ رۆژێن ئێزی فەرزن



مەهدی حەسەن موراد

رۆژی گرتن د باوەریا ئێزدیان دا خێرەک مەزنە ، ژبەر هندێ ئێزدی بتر هەر ئاینەک و نەتەوەکا هەی رۆژیاندگرن و باوەری پێ هەیە نەبەس هەر 3 رۆژێن ئێزی ب تنێ د باوەریا ئێزدیان دا هەنە ، بەلکی دئێزدیاتیێ دا نێزیک 100رۆژی هەنە ، بەلێ نە هەر کەسێ ئێزدی بت ئەڤ رۆژی فەرزن ل سەر ، تەنها هەر 3 سێ رۆژێن ئێزی بتنێ فەرزن ل سەر مرۆڤێ ئێزدی.

ئەڤە ژی پشتی هاتنا شێخادی سلاڤێن خودێ لسەر بن و ئەو راستڤەکرن و نوژەنکرنا دناڤ ئێزدیاتیێ دا دروستکری ئێک ژ ڤان خالا ژێک ڤاڤارتنا ئەرکێنئولی بیە دناڤ بەرا کەسێن دیندار و ئێزدیێن گشتی دا ، بەلکی فەرزە ل سەر جڤاتا روحانی وکۆچەک وفەقرا و شکەستێن مالا شیخادی و چلەگرا و کەسایەتین ئولی ڤێ ژمارا رۆژیا هەمیا بگرن دیسا هەرئێزدیەکی بڤێت نورمالا ئەو ژی رۆژیا بگرت بخۆ خێرەکێ بکەت و خۆ نێزیکی خودێ ب کەت ب خێر وخێراتا و ڤان رۆژیا بگرت مینا کەسێن ئولدار، لەوا ئەم د بینین رێژەکا زۆر ژ ئێزدیا نها بەری رۆژێن ئێزی هەمی رۆژێن چارشەمبوویا ب رۆژی دبن بۆ خاس و باب چاکێن ئێزدیان، لێ رۆژی گرتن بۆ ئێزی دباوەریا مە ئێزدیاندا ئێزی ناڤەک ژ ناڤێن خودێ وەکی ل ڤێ سەبەقا قەولێ هەزار و ئێک ناڤ هاتی:

ب دەستوری خودێ
سلتان ئێزی بخۆ پادشایە
هەزار و ئێک ناڤ ل خۆ دانایە
ناڤێ مەزن هەر خۆدای
* * *
یا سلتان ئێزی تو وێ ل
عەردا تو وێ ل عەزمانا
تو وێ ل بەحرا تو وێ ل بنیانا
تو وێ ل زارا تو وێ ل زمانا
مرازا ئەم ژ تە دخوازن
دین و ئیمانە
* * *
پەدشێ من هەزار وئێک ناڤە
ئەڤ دنیا ل باوی سەعدەت و گاڤە
ئەوی هاوا کرە بوک وئادەم کرە زاڤە.

رۆژگرتن لجەم ئێزدیان فەرزەکە ژ فەرزێن تەریقەتێ، فەرزە ل سەر ئێزدیان پێگیریێ ب ڤێ فەرزێ بکەن وهەر سال ڤان رۆژیان بگرن وئەڤ هزرە یە کەڤنە و ب خێرەکا مەزن د ئێتە هژمارتن رۆژێین ئێزی ئانکورۆژگرتن بۆ خودێ هەر ئێزدیەک دڤێت سێ رۆژیان بۆ خودێ مەزن و دلۆڤان بگرت ،رۆژێین ئێزی (٣)سێرۆژن و رۆژا چارێ جەژنە ،ئەڤ جەژنە دکەفتە دئینیا ئێکێ دا ژ مەها کانوونا ئێکێ ب هژمارا رۆژهلاتیەهەر سال ئانکو رۆژێن (سێ شەمبوو – چارشەمبوو ژ پێنج شەمبوو)ێ رۆژینە و ئینیێ جەژنە.

وەکی ل قەولێ مەها دیار دکت:

هات مەها بناڤ رەمانە
ل سەر یازدە مەها د گێڕانە

رۆژێین ئێزی سەتڤە و حەیا و ئیمانە
ژبەر کانون قانوونە و بنیاتا هەر دوانزدە مەهانە
و قەول پەسەندکت:
ژڤەولێ شێخ فەخرێ زەرگونە.
* * *
هەر یەب حەرفە و یەب ناس بوونە
بنیاتە هەر دوانزدە مەها کانوونە.

ل ڤان هەر سێ رۆژا ئێزدی رۆژیان دگرن ئەڤ رۆژی گەلەک د کەڤن هزرا گرتنا ڤان رۆژیا دزڤرتە وێ چەندێکو ژ کەڤندا دەمێ دیتین رۆژ بۆ رۆژێ، رۆژ یێ کورت دبن، کەفتنە گۆمانا هندێ کو رۆژ ئێدی نامینت وتاریستان دێ جیێ رۆناهیا رۆژێ گرت وەک هیڤیەک ژ خودێ کرن، رابوون ڤان هەر سێ رۆژا ب رۆژی بوون، تا کو چاڤێ رۆژێ هندانەبت و هەردەم ب خێر و بەرەکەتا وێ شادبن، پشتی کۆ زانین ئێدی رۆژ هەوبەرف کێمبونێ ڤە د چنە و سەکەنین و بەرب درێژبوونێ ڤە یێ دچن ژ کەیڤان دا کرنە جەژن،پشتی جەژنێێکسەر دەمێ رۆژان زێدە دبت ئانکو ڤێ جەژنێ گرێدانەک دگەل دەمی و سروشتی هەیە ، وەکی دیار هەمیەهلکەفت و چەژن و رۆژێین ئێزدیان ب سروشتی ڤە دگرێدایە ، هزرا گرتنا ڤان رۆژیان کو خێرەکا مەزنە بۆی کەسێ رۆژیان بگرت، کو مرۆڤ بڤێ چەندێ دکن و بەر ب رۆژئاڤا ڤە پەروەستەی خودێ دبن و دوعایا هێڤاریدکن،پشتی رۆژئاڤا دبتە فتار ، رۆژیگر ب دەستووری خودێ فتاردبن ، بڤێ تەرزی بۆ هەر سێرۆژیان،هەژی گۆتنێ یە بۆ ڤان رۆژیان هەر مالەکا ئێزدی ل رۆژا دوو شەمبوویێ سەرێژدکت،دبێژنێ رۆژا پەز کوشتنێ بۆ پاشیڤێ و فتارێ ?ئێزدی دگەل هندێ هەڤ دوو مێڤان دکن نەخاسمەماڵین دەولەمەند و کەدخودا بۆ پاشیڤێ و فتارێ خوارنێ بۆ ماڵین بەلنگاز نیشانگەها خاسێ گوندی و هەمو پێکڤە دخۆن ، ژ لایەکی دی ڤە هەر ئایین ومللەتەکی ب رەنگەکی رۆژیگر ب دەستووری خودێ فتاردبن ، بڤێ تەرزی بۆ هەر سێرۆژیان،هەژی گۆتنێ یە بۆ ڤان رۆژیان هەر مالەکا ئێزدی ل رۆژا دوو شەمبوویێ سەرێژدکت،دبێژنێ رۆژا پەز کوشتنێ بۆ پاشیڤێ و فتارێ ?ئێزدی دگەل هندێ هەڤ دوو مێڤان دکن نەخاسمەماڵین دەولەمەند و کەدخودا بۆ پاشیڤێ و فتارێ خوارنێ بۆ ماڵین بەلنگاز دکن و بەر ب رۆژئاڤا ڤە پەروەستەی خودێ دبن و دوعایا هێڤاریدکن،پشتی رۆژئاڤا دبتە فتار ، رۆژیگر ب دەستووری خودێ فتاردبن ، بڤێ تەرزی بۆ هەر سێرۆژیان،هەژی گۆتنێ یە بۆ ڤان رۆژیان هەر مالەکا ئێزدی ل رۆژا دوو شەمبوویێ سەرێژدکت،دبێژنێ رۆژا پەز کوشتنێ بۆ پاشیڤێ و فتارێ ?ئێزدی دگەل هندێ هەڤ دوو مێڤان دکن نەخاسمەماڵین دەولەمەند و کەدخودا بۆ پاشیڤێ و فتارێ خوارنێ بۆ ماڵین بەلنگاز

شەهید پێخەمبەر ب وێ
کاسێ دبوو مەستە
ئەوی نە پێ هەبوو نە دەستە
سلتان ئێزی رۆنایەک لبەر دخستە
* * *
ئەوێ ژ سلتان ئێزی خواست بوو کەرەمە
بۆ هەتیا خودێ ل هەمور دەمە
سێ رۆژی گرتن گوت: ئەڤە فەرزە ل سەر مە.

هەروەسا ژلایێ ساخلەمیێ ڤە مفایێ خۆ هەنە ،دیسا وەک باوەریەکا مەزن ب رۆژیگرتنێ دناڤ ئێزدیان ئانکورۆژگرتن بۆ خودێ هەر ئێزدیەک دڤێت سێ رۆژیان بۆ خودێ مەزن و دلۆڤان بگرت ،رۆژێین ئێزی (٣)سێرۆژن و رۆژا چارێ جەژنە ،ئەڤ جەژنە دکەفتە دئینیا ئێکێ دا ژ مەها کانوونا ئێکێ ب هژمارا رۆژهلاتیەهەر سال ئانکو رۆژێین (سێ شەمبوو – چارشەمبوو ژ پێنج شەمبوو)ێ رۆژینە و ئینیێ جەژنە.

وەکی ل قەولێ مەها دیار دکت:

هات مەها بناڤ رەمانە
ل سەر یازدە مەها د گێڕانە

رۆژێین ئێزی سەتڤە و حەیا و ئیمانە
ژبەر کانون قانوونە و بنیاتا هەر دوانزدە مەهانە
و قەول پەسەندکت:
ژڤەولێ شێخ فەخرێ زەرگونە.
* * *
هەر یەب حەرفە و یەب ناس بوونە
بنیاتە هەر دوانزدە مەها کانوونە.

ل ڤان هەر سێ رۆژا ئێزدی رۆژیان دگرن ئەڤ رۆژی گەلەک د کەڤن هزرا گرتنا ڤان رۆژیا دزڤرتە وێ چەندێکو ژ کەڤندا دەمێ دیتین رۆژ بۆ رۆژێ، رۆژ یێ کورت دبن، کەفتنە گۆمانا هندێ کو رۆژ ئێدی نامینت وتاریستان دێ جیێ رۆناهیا رۆژێ گرت وەک هیڤیەک ژ خودێ کرن، رابوون ڤان هەر سێ رۆژا ب رۆژی بوون، تا کو چاڤێ رۆژێ هندانەبت و هەردەم ب خێر و بەرەکەتا وێ شادبن، پشتی کۆ زانین ئێدی رۆژ هەوبەرف کێمبونێ ڤە د چنە و سەکەنین و بەرب درێژبوونێ ڤە یێ دچن ژ کەیڤان دا کرنە جەژن،پشتی جەژنێێکسەر دەمێ رۆژان زێدە دبت ئانکو ڤێ جەژنێ گرێدانەک دگەل دەمی و سروشتی هەیە ، وەکی دیار هەمیەهلکەفت و چەژن و رۆژێین ئێزدیان ب سروشتی ڤە دگرێدایە ، هزرا گرتنا ڤان رۆژیان کو خێرەکا مەزنە بۆی کەسێ رۆژیان بگرت، کو مرۆڤ بڤێ چەندێ خودێتیەکا خۆ شکاندین و ب شەڤ و رۆژ پەروەستەیخودێ تەعالا بووین دئینە گرتن بو خودێ ، ئەڤ کەسێن رۆژیگر ژی هندەک ژوان هیڤی و مرازا د خازن ێێنەهەین نەساخن هێڤیا ژ خودێ دخازن بۆ دایی و بابا ، ێێ زارۆکی، بۆ رزقی ،بۆ تەناهیێ و سلامەتیێ ودورکەتن ژ قەدا و بەلایە ، هیڤی و نۆمێدێن خۆ ب رێیا ڤان رۆژیا ژ خودێ تەعالا دخازن ب گەهن مرازێن خۆ، هەر چەندە دباوەریا مە ئێزدیان دا رۆژیگرتن بۆ خودێ یە ، ئەڤ چەند ژی وێ یەکێ دیاردکت کو تەعالا خۆ شکاندین و ب شەڤ و رۆژ پەروەستەیخودێ تەعالا بووین دئینە گرتن بو خودێ ، ئەڤ کەسێن رۆژیگر ژی هندەک ژوان هیڤی و مرازا د خازن ێێنەهەین نەساخن هێڤیا ژ خودێ دخازن بۆ دایی و بابا ، ێێ زارۆکی، بۆ رزقی ،بۆ تەناهیێ و سلامەتیێ ودورکەتن ژ قەدا و بەلایە ، هیڤی و نۆمێدێن خۆ ب رێیا ڤان رۆژیا ژ خودێ تەعالا دخازن ب گەهن مرازێن خۆ، هەر چەندە دباوەریا مە ئێزدیان دا رۆژیگرتن بۆ خودێ یە ، ئەڤ چەند ژی وێ یەکێ دیاردکت کو چلێ هاڤینێ و چلێ زڤستانێ گەرمترین و سارترین رۆژێین سالێ و درێژترین رۆژ و کورترین رۆژ دناڤ ڤان رۆژیان دا هەنە ئەو ژی بڤیرەنگی ل خوارێ ئێزدی رۆژیان دگرن :

1- ل چلێ زڤستانێ ئێزدی وەک چلەگر و جڤاتا رۆحانی و کەسانێن ئایینی وهەر کەسێ بڤێت (40) چلرۆژی ب رۆژی دبن ل رێکەفتی (12) کانوونا ئێکێ دەسپێدکەت هەتا (20)ی کانوونا دوویێ ب هژمارارۆژهەلاتی دبێژنێ رۆژێین چلێ زڤستانێ .

2- ل چلێ هاڤینێ ئێزدی وەک چلەگر و جڤاتا رۆحانی و کەسانێن ئایینی وهەر کەسێ بڤێت (40) چلرۆژی ب رۆژی دبن ل رێکەفتی (24) خزیرانێ هەتا (2)ی تەباخێ ب هژمارا زاینی دبێژنێ رۆژێین چلێهاڤینێ.

3- هەروەسا (3) سێ رۆژێین دیتر هەینە ئێک بۆ خودانێ و ئێک بۆ شێخێ خۆ و ئێکێ بۆ پیرێ خۆ هەرئێزدیەکی هەی فەرە ڤان هەر سێ رۆژا بگرت .

4- رۆژێین خدر و ئەلیاس د کەڤنە د پێنج شەمبووا ئێکێدا ژ مەها سباتا رۆژهەلاتی رۆژا دووشەمبویێ وسێ شەمبوویێ و چار شەمبوویێ رۆژینە و پێنج شەمبوویێ جەژنە بتریا ئێزدیان ڤان هەر (3)سێرۆژێین نەبی خدر و ئەلیاس ب رۆژی دبن و رۆژا چارێ دکەنە جەژن ، ئەڤ رۆژی ب وەرزێ چاندنێ وسروشتی فە هەیە.

5- رۆژێین شێشمس کو د باوەریا ئێزدیان دا مەفەرا ،ئێزدیێن ل وەلاتێ خالتیا و یێن نهۆ ل شنگالێ ووەلاتێ شێخ و هەر جیەکی هەین دگەل رێژەکا زۆر ژ ئێزدیان (3) رۆژیان بۆ شێشمس ب رۆژی دبن ، لئینیا بەری رۆژێین ئێزی .

6- رۆژێین باتیزمێ چەندین مریدێن پیر ئالی و چیلکانن (3) رۆژیا ب رۆژی دبن پشتی رۆژێین ئێزی ورێورەسمێن تایبەت هەنە ب ڤان رۆژیا.

7- رێژەکا زۆر ژ ئێزدیان هەر کەس ژمارەکا رۆژا ب رۆژی دبن بەری رۆژێین ئێزی وەک خێر بۆ خودێ تەعالا.

8- هەر بۆ زانین دناڤا جڤاکێ ئێزدیان دا هەینە هندەک شکەستی و ئۆلدار و کەسانێن ئایینی سەرتاسەریسالێ هەموو رۆژێن چارشەمبوویا ب رۆژی دبن دگەل چلێ هاڤینێ و چلێ زڤستانێ .

دیسا تشتێ هەری باش د ئێزدیاتیێ دا جوداهی ژ ئایین و ئۆلێن هەین ئەرکێ ئولی هندەک ژێ ڤاڤارتینەوەک رۆژی گرتن فەرە هەر مرۆڤەکی ئێزدی سێ رۆژیێن ئێزی بۆ خودێ تەعالا ب رۆژی بن ئەڤە فەرزەکا ژفەرزێن تەریقەتێ ،بەلێ چلێ هاڤینێ و چلێ زڤستانێ گەرمترین و سارترین رۆژێین سالێ و درێژترین رۆژ و کورترین رۆژ دناڤ ڤان رۆژیان دا هەنە ئەو ژی بڤیرەنگی ل خوارێ ئێزدی رۆژیان دگرن :

1- ل چلێ زڤستانێ ئێزدی وەک چلەگر و جڤاتا رۆحانی و کەسانێن ئایینی وهەر کەسێ بڤێت (40) چلرۆژی ب رۆژی دبن ل رێکەفتی (12) کانوونا ئێکێ دەسپێدکەت هەتا (20)ی کانوونا دوویێ ب هژمارارۆژهەلاتی دبێژنێ رۆژێین چلێ زڤستانێ .

2- ل چلێ هاڤینێ ئێزدی



وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٣٩٣٢٧٣ بەرواری ٢٠١٥/١١/١٧ بەبری ٥٠٠٠٠ بەناوی قانع نوری ابراهیم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
مدیریة تنفیذ ئاکری
العدد /٣٤/ت.خ/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٣٤/ت.خ/٢٠١٩ المتضمن بيع العقار المرقم ٤٨٥/٢٤ مقاطعة ٨٥ اومر خوشان المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٣٤/ت.خ/٢٠١٩ الموقع اومر خوشان المساحة ٢٥٠ م٢ الجنس ارض عرصة القيمة المقدرة (١٠٨٠٠٠٠٠) عشرة مليون وثمانية مائة الف دينار عراقي
المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:٢٦١/ب/٢٠١٨/٢
رێکەوت:٢٠١٩/١٢/١١
جاردان
بۆ/ داواڵێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای راد- سەرەرای کارەکەی)
داواکار (سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان سەرەرای کارەکەی) داوای ژمارە (٢٦١/ب٢٠١٨/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردبوو لەسەر (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای راد- سەرەرای کارەکەی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی کۆمپانیا نادیارە بە پێی اشعاری موختاری گەرەکی (سەربەستی و رویال تاوەر و گوندی ایطالی ١ و گوندی انگلیزی فیتال و mrf) لە ٢٠١٩/١٢/٢٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٩) کاتژمێر (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ قباد شیرزاد نوری
***
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٣٣٢
رێکەوت: ١٢ / ١٢ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٢٨)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (دەهێنانی چەند فیدەرێکی (KV.11) لە وێستگەی ئازادی نوێ بۆ چارەسەرکردنی بارزۆری چەند شوێنێك) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەرێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (یەك شەممە) رێکەوتی ٢٩ / ١٢ / ٢٠١٩ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەت بە کارەبا لە پلەی (٧) کەمتر نەبێت و نوێ کراوە بێت..
- باچی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت تەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٧٥,٠٠٠) سەدو حەفتاو پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
***
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٣٣٣
رێکەوت: ١٢ / ١٢ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٢٩)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (دەهێنانی (٥) فیدەر لە وێستگەی مۆبایلی پیرداود بۆ چارەسەری بارزۆری (Project no 7ER / ١-٢٠١٩) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەرێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (یەك شەممە) رێکەوتی ٢٩ / ١٢ / ٢٠١٩ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەت بە کارەبا لە پلەی (٧) کەمتر نەبێت و نوێ کراوە بێت..
- باچی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت تەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٧٥,٠٠٠) سەدو حەفتاو پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٤٦٠/٢٠١٨
رێکەوت: ١٥/١٢/٢٠١٩
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٤٦٠/٢٠١٨) هەڵدەستێ بە لێك زیادکردنی ئاشکرا لەسەر سیم کارتی ژمارە ٠٧٥٠٤٤٥٥٠٨٠ بەبری ٨٠٠٠٠٠٠ هەشت ملیون دینار قەرزار (کاکە مەم زاهیر بایز) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (توانا کنعان عطا) کە بڕی (١٥,٦٣٩,٠٠٠) ملیون دینارە هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٣) سێ رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و نرخی سیم کارتەکەش بەبڕی (٨,٠٠٠,٠٠٠) هەشت ملیۆن) دینار قرساوە.
جێبەجێکاری دار/ کالی قادر پیرۆت
***
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٢١٤
رێکەوت: ١٢/١٢/٢٠١٩
ئاگاداری
لەسەر داوای بریکاری هاوواڵتی (کریم عثمان درویش) پارێزەر (لطیف علی احمد) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵساوە بە راستکردنەوەی ناو:- لە (حاجی عثمان بن درویش بن خوشەب) بۆ (عثمان درویش وسو) لە بریاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (١٠٠ ، ١٠٢) کەرتی ٦٤/ زیارەت, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەرلێستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگاداریەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٢/١٥
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (قاسم بشار فیصل) لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٢ کە داوای تۆمارکردنی نامێزەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پ. تیمار) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازییوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دانووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێزەکان:
١- کورسێلی ١٢ سەرکی تێکردنی غاز بۆ ناو بوتل بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٢.
٢- کۆمپرێسەری هەوایی ٣ پارچەیی ژمارە/ ٢١٢٤٦٠٧ بێ ژمارە دروستکراوی بریتانی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٥.
٣- ئاگر کوژێنەوەی گازی و کارەبایی بێ ژمارە دروستکراوی المانی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.W٥٥ تانکی گاز ئاو ٥٠,٠٠٠ لتری دووتانکی.
٤- دوو خەزانی خەزنی غازی شل بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢*٣٠ مضخەی تفریغ و تعبئە.
٥- مۆلیدەی کارەبایی ڤالڤۆ گاز بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٢٧٥.
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی شوێنی (کافتریا) لە ناو گۆڕەپانی بارهەلگران لە ناوکۆمەڵگای نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی (١٩٨٦) , جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری سۆران بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی , بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.
د. کمال طیب قادر/ بەرێوەبەری گشتی
***
داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٩٩٥/ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ١٥/١١/ ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالیکراوێ : سارا قاسم حسن
ل دیف داخوازیا داواکار(هوزان ادیب جهور) وکێشا ژمارە (٩٩٥/ش/٢٠١٩) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) ل (٢٠١٦/٧/١٥) دنافبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ول دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (دلال) یا ژمارە (٦١٨٧) ل (٢٠١٩/١٢/١٢) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (بەرخودان) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارییا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامەیێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠١٩/١٢/١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
«دادگای باری کەسێتی پێنجوێن»
ژمارە : ٧٩ / ش / ٢٠١٩
بەروار / ٢٦ / ٦ / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار / نیفین محمد سعید
داوالەسەرکراو / قارەمان حسین احمد
بۆ داوا لەسەرکراو (قارەمان حسین احمد) داواکار داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە بە ژمارە (٧٩ / ش / ٢٠١٩) کە تیایدا داوای (سەلماندنی هاوسەرێتی / اثبات زوجیە) دەکات، وەلەبەرئەوەی کە شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە لە ئێستادا دادگا بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە تا لە دادبینی رۆژی (٢٠١٩/٧/١٧) کات (٩:٣٠) ی سەرلەبەیانی ئامادەبییت لەم دادگایە خۆت یان بریکارەکەت وە بەپێچەوانەوە دادگا داواکە دەبێنێت بە گوێرەی یاسا.
دادوەر / دانا محمود حمه صالح
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ١٦ / ق.م / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٥
جاردان
بۆ داوالێکراو/ بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای رەنج سەرەرای کارەکەی.
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (حکیم محمد حسین) داوای ژمارە ١٦ / ق.م / ٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (چەسپاندنی واژوو) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی سەربەستی لە هەولێر لەبەر ئەوەی دادگا بریاریدا بۆیە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٣٠ کاتژمێر ٨:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٤١٥/ش/٢٠١٩/٢
رێکەوت:٢٠١٩/١٢/١٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (عبدالله رحمان رمضان)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (رێژین ابراهیم عزیز) داوای ژمارە (١٤١٥/ش/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (التفریق للضرر) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی نێرگز) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١/١٤, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسین کریم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە:٤١٩٩/ش/٢٠١٩/٦
رێکەوت:٢٠١٩/١٢/١٥
جاردان
بۆ داوالێکراو (عطیه صالح ارجمند)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامازە بە داوای ژمارە (٤١٩٩/ش/٢٠١٩/٦) کە تایبەتە بە داواکار (امیرخان صدقی یوسف) وە داوالێکراو (عطیه صالح ارجمند) دادگا لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٨ بریاریدا بە (پەسندکردنی طلاقی دەرەکی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری سۆران/گەرەکی وەستا رەجەب بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارداناوە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ مازن مظفر محمد
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٦٦٠/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ١٥/١٢/٢٠١٩
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٦٧٥١٧/هەولێر – بارهەلگر) جۆری (مارسیدس اکتروس دەبل قارە) مۆدیل (٢٠٠٤) ڕەنگی (ڕەساسی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (ئارام عبدالله عبدالرحمن) لە رۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٩) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت, وە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٣٤,٢٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٤٥١/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ١٠/١٢/٢٠١٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (یوسف حسن نافذ)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٨ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٠٠/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ١٠/١٢/٢٠١٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (لیزا هادی نجار)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٨ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی خەبات
ژمارە/ ١١٩/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٩/١٢/٢٠١٩
بۆ تەمەتباری هەڵاتوو/ شێروان ازاد شریف
ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بۆیە پشت بەستن بەمادەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی سزایی دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگەی دوو رۆژنامەی فەرمی ناوخۆیی رۆژانە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لە رۆژی دادگایی کردنت ٢٠٢٠/٢/٩ کاتژمێر ٩ نۆی سەر لەبەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێی مادەی ١٠ف٥ لەیاسای باری کەسی لە داوای ژمارە ١١٩/ك/٢٠١٩ بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت.
دادوەر/ سمکۆ رۆستم سمین
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٩٨/ج/٢٠١٦/٣
رێکەوت: ٥/١٢/٢٠١٩
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: سلمان یوسف محمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ٩٨/ج/٢٠١٦/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی رۆژی ٢٠١٧/١٢/٢٧ بریاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی (پێنج سال و یەك مانگ بەپێی ماددە ٢٤ لە یاسای هاتووچۆ, بۆیە بگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە خۆت رادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەربوونی شەش مانگ بەسەر رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی, بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٨٥/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٤/١٢/٢٠١٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ امیر یحیی مصطفی
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٨٥/ت/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٨/٢٥ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٦/شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٧ ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای ناڕازییوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٢٤٢٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (CIGIR) بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (CIGIR) بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سوران خالد کریم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٢٤٢٠
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (FIRE FIGHTING) بۆ بازرگانی
کەل و پەل و پێداویستی و ئامێری ئاگر کوژێنەوە/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (FIRE FIGHTING) بۆ بازرگانی کەل و پەل و پێداویستی و ئامێری ئاگر کوژێنەوە/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ٩٢٢١
رێکەوت / ٢٠١٩/١٢/١٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (HOME OFFICE) بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە و بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری گشتی/سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمواکراو ئەم بڕیارە نووسرا لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٥
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٠٩٣٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (دەریا دلشاد محمد) بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی ئاژەلی زیندوو و بەرووبوومی ئاژەلی و کشتوکاڵی و ئالیك/ تاك) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (دەریا دلشاد محمد) بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی ئاژەلی زیندوو و بەرووبوومی ئاژەلی و کشتوکاڵی و ئالیك/ تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ولات یاسین حمدامین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٢٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/١٣٥٢/ب/٢٠١٩
رێکەوت/١٠/١٢/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەری (خالد حسین حجی) جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (عامر احمد عباس) ئەوێ تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پارە (٢٠٠٠٠) بیست هزار دولار ئەمریکی بەرامبەر دیناری ئیراقی بکوژمی پارە (٢٤٠٠٠٠٠٠) بیست وچار ملیون دیناری ئیراقی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن ثقافة یا ژمارە (٣٤٢٠) رێکەفتی ٢٠١٩/١١/٢٠ وراپورتا هەلێژێری تاخی (الصدیق) رێکەفتی ٢٠١٩/١١/٢٠ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/١٢/١٩ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ پا شمولە وئاشکرایی داوا برێڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
***
دادگەها بەرایی ل سێمالێ
ژمارە/ ٣٦٩/ب/٢٠١٩
رێکەفت/١٥/١٢/٢٠١٩
ئاکەهداری
لدیف فەرمانا دەرچووی ل ڤێ دادگەهێ ب ژمارە ٣٦٩/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٩/١١/٢٤ یا پێك هاتی ب نەهێشتنی کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە(٤٦٩٤/١) کەرتێ ٤١ کری بانی) ئەوا سالوخەتین وێ ل خوارێ دیارکری بو سەر زێدەکرنا ئاشکەرا بو ماوێ (٣٠/ سیە) روژا هەر ژ روژا پشتی بەلاڤکرنێ ڤێ ئاگەهداریێ وهەر کەسێ بڤێت بەشداریێ بکەت بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمێر (١٢/دوازدێ) نیڤرو ژ تمام کرنا (٣٠/سیە) روژا پشتی روژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دگەل ئیانا دابینکرنێن یاسایی ب کوژمێ ١٠٪ ژ ترخێ گشتی یێ زەڤیێ ب کوژمێ (١٨١٥٠٠٠٠) هەژدە ملیون وسەد وپینجی هزار دینار ئەگەر شریك نەبن دوماهی هاتنا ماوێ دیارکری ل سەر زێدەکرن دهێتە رەوانەکرن ب ئێکجاری ل دویف رێنمایا بو زانین کرڤێن کاتی ودەلالی دکەڤنە سەر بکری سەرێك زێدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە روژەکا بهێن ڤەدانا فەرمی روژا دویڤ دا دبیتە روژا ژڤانی
دادوەر/ ابراهیم خشمان گرگری
***
دادگەها باری کەسایەتی قەسروك
ژمارە/ ١٤٧ /ش/٢٠١٩
رێکەفت/١٥/١٢/٢٠١٩
ئاگەهداری
بو/داوالێکراو (عمران صدیق سلیمان) ئامازە بە داوای باری کەسایەتی ژمارە (١٤٧/ش/٢٠١٩) کە هاتیە تۆمارکرن لە لایەن داواکار (نجاح عبدالرحمن محمد) تایبەتە بە دواکردنی جیابونەوەی (تفریق) پێویستە ئەم ئاگەداریە بێتە بەلاوکردنەوە لە بەر ئەوەی شوینێ ئاکنجیبونی داوالیکراو (عمران صدیق سلیمان) دیارە نوبو ئەم دادگایە بریاری دا بە ژمارە (١٤٧/ش/٢٠١٩) لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٥ کە تایبەتە بە جیابونەوەی داواکار (نجاح عبدالرحمن محمد) بویە بریاردرا لە دوو روژنامەی رۆژانە بێتە بەلاوکردنەوە بو ئەوی داوالێکراو کە لەسەروە ئامازەی پێدراوە مافی تانە لێدانی (اعتراض) هەبیت وەلە ئەنجام وێنەیەك لە بەلاوکراوەکە بۆمان رەوانە بکەن
دادوەر/ لؤی فاخر نعمت
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٢٠١٥/١٨٦٣
رێکەوت/١٥/١٢/٢٠١٩
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا ترومێلا ژمارە (٣٣٥٥٧/ نینوی - تایبەت) جۆرێ (شوفرلیت) مودێل (٢٠١٣) رەنگ (سپی) ئەوا تۆمارکری بناڤێ قەردار (احمد دهکان اسماعیل) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر(الحق العام)(مصادره الاموال المنقوله وغیر المنقوله) هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا رێڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢) دوازدەی نیڤرو ل روژا (٣/سێ) پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠ ٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٩٦٠٠٠٠٠) نەه ملیون وشەش سەد هزار دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رەسمێ تومارکرنێ ودەلایەت لسەر بکری یە
ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٩٣/ت/٢٠١٥
رێکەوت: ٢/١٢/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: فیصل عبدالجبار عزیز کرم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١/٤٠٥) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایەتە بەنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٣٣/ت/٢٠١٧ - ب
رێکەوت: ٢/١٢/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: میران کاوە سعید قادر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١/٤٠٥) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایەتە بەنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٣٤١٢/ك/٢٠١٩
بەروار: ٨/١٢/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: دلیر توفیق امین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٩) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایەتە بەنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٣٢٠٩/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٤/١١/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سالم کریم عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەنکەی پۆلیسی (هەواری شار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ١٥١٣/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٥/١٢/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: احمد رحمن ابراهیم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایەتە بەنکەی (ئاسایشی راپەڕین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ٢٢٣٦/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢١/١١/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سیروان عثمان عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦ ی. سزادان) لەو کێشەیەی کە تایەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ١٨٧٤/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٥/١١/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد شوکر ئالتینداغ
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٣/ب/١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٧٢٩/ك/٢٠١٩
بەروار: ٤/١٢/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ریزان حسین یوسف
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایەتە بەبنکەی پۆلیسی (بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٤٧/ك/٢٠١٩
بەروار: ٤/١٢/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: (ابراهیم محسن سلیمان خدر) و (بیستون عبدالله مصطفی)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی ماددەی (٤٥٧) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایەتە بەبنکەی پۆلیسی (هەواری شار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٣٦٣٢/ج/٢٠١٥
بەروار: ٤/١٢/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هەورامان علی انور ناوی دایکی/ فاطمة محمد امین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە (٢) دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە کە رۆژی ٢٠٢٠/٤/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / کامل توفیق سعید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارەی داوا: ٢٢٠٣/ك/٢٠١٨
بەروار: ١/١٢/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: میران محسن محمد زۆراب
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ٤٩٤/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٤/١١/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: یاسین نجم عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦ ی. سزادان) لەو کێشەیەی کە تایەتە بەبنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ١٨٧٥/ك/٢٠١٧
رێکەوت: ٢٤/١١/٢٠١٩
بۆ/ تاوانبار: کامەران داود احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٦/١١/٢٠١٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١٨٧٥/ك/٢٠١٧ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ١٠ ف ٥ لەیاسای باری کەسێتی) حوکم درا بەسەرتا بە غرامەکردنت بە ١٠٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن دینار. وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ١٨٧٦/ك/٢٠١٨
رێکەوت: ٢١/١١/٢٠١٩
بۆ/ تاوانبار: دەشتی اسماعیل کریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٣/١١/٢٠١٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١٨٧٦/ك/٢٠١٨ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٢٢ ف ١ لەیاسای هاتووچۆ) حوکم درا بەسەرتا بە ٣ مانگ بەندکردنت.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ١٨٧٥/ك/٢٠١٧
رێکەوت: ٢٤/١١/٢٠١٩
بۆ/ تاوانبار: تولگە بهجت جمعه
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٧/١١/٢٠١٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١٦٧٦/ك/٢٠١٨ بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٤٥٣/ لە یاسای سزادان) حوکم درا بەسەرتا بە حبسی سوك بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەپێی مادەی (٤٥٣) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ بۆ ساڵی ١٩٦٩.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/شیرین علی حمەسور
***
مدیریة الجنسیة و الاحوال المدنیة لمحافظة اربیل الواقعات
اعلان
المواطن (مصطفی عمر حمه مصطفی) قدم دعوی فی هذه المدیریه تسجل اللقب(دەربەندی) فمن لدیه اعتراض مراجعه هذه مدیریه خلال (١٠)ایام من تاریخ نشره فی الجریده وبعکسه فسوف تنظر المدیریه فی الدعوی وفق احکام الماده ٢٤من قانون البطاقه الوطنیه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦
اللواء الحقوقی/ نشأت ابراهیم شلال
مدیر الاحوال المدنیه والجوازات والاقامه/وکاله
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (FIRE FIGHTING) بۆ بازرگانی کەل و پەل و پێداویستی و ئامێری ئاگر کوژێنەوە/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (CIGIR) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (دەریا دلشاد محمد) بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی ئاژەلی زیندوو و بەرووبوومی ئاژەلی و کشتوکالی و ئالیك/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

شەڕی ساردی نێو هاوپەیمانی ناتۆ



ئا: خالید گەردی

لە رۆژانی 3و4ی ئەم مانگە کانونی یەکەم سەرکردەکانی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، ، بە زەردەخەنەوە یادی دامەزراندنی ((70ساڵەی دامەزراندنی ناتۆیان کردەوە، بەڵام لە ژێر ئەو زەردەخەنە رووکەشەدا، چەندین ناکۆکیی لە نێوان ئەندامان خۆی حەشاردابوو، بەرچاوترینیان دابینکردنی بودجەی ناتۆو هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان لە باکووری سوریا.

دۆناڵد تەرەمپی سەرۆکی ئەمریکا بەپێی هەڵسەگاندنە بازرگانییەکەی بۆ بوودجەی ناتۆ، کە خۆی لە ترلیۆن دۆلار دەدات، پێی وایە لەبەرامبەر ئەو پارە زۆرەی کە وڵاتەکەی بەتەنیا سێ جارەکی بوودجەکە دابین دەکات و ئەوەی دەشمێنێتەوە واتا جارەکی بوودجەکە، لە لایەن بیست و هەشت وڵات لە ئەمریکای باکوورو کیشوەری ئەورووپا بەهەر هەموویانەوە دابینی دەکەن، وڵاتەکەی سوودێکی ئەوتۆی چنگ ناکەوێت.

دەکرێ بڵێین شەڕە ساردەکەی نێو ناتۆ لە نێوان دوو بەردا خۆی دەبینێتەوە، بەرەیەکیان تورکیا و ئەمریکایە، بەرەکەی دیکەش خۆی لە وڵاتانی ئەڵمانیاو فەرەنسا دەبینێتەوە، ئەو دوو وڵاتە ئەورووپییە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی واشنتۆن و تورکیا بەرامبەر هەندێ کێشە لەجیهان ناکۆکن.

هەرچی ترەمپە، داوا دەکات هەر یەک لە وڵاتانی ئەندامی ناتۆ بری 2%ی بوودجەی وڵاتەکەیان بۆ کاروباری بەرگری دابین بکەن، ئەگەر هەر هەموشیان وا نەکەن بەڵای کەمەوە وڵاتە گەورەکانی ئەورووپا وەک فەرەنساو ئەڵمانیاو ئیسپانیا ئەنجامی بدەن، ئەگینا هەڕەشەی چاوخشاندنەوە بە سوودو قازانجی مانەوەی هاوپەیمانی ناتۆو هەروەها ئەو بڕە بوودجەیەی بۆی دابین دەکات. لە کاتێکدا تەنیا حەوت وڵات ئەو بڕە پارەیەی بە پێی یاساو پەیڕەوی ناتۆ دەکەوێتە ئەستۆیان دابینی دەکەن، وڵاتانی دیکە تەنیا هەوڵ دەدەن بە پێی توانای دارایی بڕە پارەیەک بۆ بودجەی ناتۆ دابین بکەن. یا بەڵایانەوە گرنگ نییەو نایانەوێت رۆڵی پڕڵیس لە جیهاندا بگێڕن.

جێی سەرنجە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکەم وڵاتی نێو هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی بوو، کاتێک رووبەڕووی پەلاماری یانزەی سێپتەمبەری ساڵی 2001بۆوە داوای یارمەتی لە هاوپەیمانی ناتۆ کرد، لەسەر داوای ئەمریکا بوو ناتۆ هێزی ڕەوانەی ئەفغانستان کرد. ئەمریکا جارێکی دیکە لە دوای پەلاماردانی کەشتییەکان لە نێو ئاوی کەندا و لە وڵاتی ئێران بەئەنجامدانی تۆمەتبار کرا، ویستی ناتۆ بەشداری لە پاراستنی ئاوی کەندا بکات. بەڵام وڵاتانی وەک فەرەنساو ئەڵمانیا داواکەی ئەمریکایان ڕەتکردەوە، ئەمەش پەیوەندی واشنتۆنی لەگەڵ ناتۆ هێندەی تر ئاڵۆزتر کرد. بەم دواییەش تورکیاش زۆر هەوڵی دا ئەندامانی هاوپەیمانی ناتۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر یارمەتی بدەن و بە چاوی تیرۆریست سەیری هێزەکانی سوریای دیموکرات بکەن، بەڵام هەوڵەکانی بێ ئاکام بوو.

پێش هاتنی دۆناڵد ترەمپ، ئەمریکا بە چاوی هاوپەیمانێکی ستراتیژی لە هاوپەیمانی ناتۆی دەڕوانی و پێی وابوو ناتۆ یارمەتیدەرێکی باشی دەبێت لەسەرکردایەتی کردنی جیهان و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشبڕکێی چەک لە بەرامبەر وڵاتانی ڕووسیاو چین. بەڵام دوای بوونی دۆناڵد ترەمپ بەسەرۆکی ئەمەریکا ، ئەمەریکا دەوڵەتی ئیسرائیلی لێ دەرچێت تەنیا بۆ ئەو بەخۆڕایی بوو، ئەگینا بەرامبەر هەر پارێزگاری کردنێک لە هەر وڵاتێک جا لە نێو هاوپەیمانی ناتۆ یا دەرەوەی بووایە، بێ بەرامبەر ئەنجامی نەدەدا. هەر ئەم سیاسەتەی سەرۆک ترەمپ بوو بووە کڕۆکی کێشەکانی نێو ئەندامانی ناتۆ و دواتر ناکۆکیی دیکەشی لێکەوتەوە وایکرد فەرەنسییەکان بەشێوەیەکی خراپ لە ناتۆ بڕوانن و ئەڵمانیاش لە پرت و پۆڵە بێ کۆتاکانی ترەمپ لە ئاست وڵاتەکەیان بێزار بن.

ئەڵمانیاو فەرەنسا جگە لە بێزاریان لە گوشارو هەڕەشەکانی ترەمپ بۆ سەر بودجەی ناتۆ، ، کشانەوەشی لە چەندین ڕێککەوتنی دیکە وەک ڕێککەوتنی ناوکیی لەگەڵ ئێران و ڕێککەوتنی پاریس بۆ پاراستنی ژینگەو کشانەوەی لە باکووری سوریا و پەیماننامەی ڕۆکێتی ناوکیی لەگەڵ ڕوسیا ، زۆر نیگەرانی کردوون.

تەنانەت ڕەفتاری خۆپەرستانەکانی ترەمپ، وڵاتانی ئەورووپای ناچارکردووە گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیان بکەن و هەندێ جاریش لە پێناو مانەوەی ئەمریکا لە ناتۆ، لە ڕووی سیاسی و ئابووری نەرمی بنوێنن.

تورکەکانیش باش دەزانن کە هاوپەیمانی ناتۆ تا چەند بۆ وڵاتە ئەورووپییەکان گرنگە، ئەوانیش چەندین کارتیان بۆ ئیبتزازی فەرەنساو ئەڵمانیا لە ناوەوە دەرەوەی هاوپەیمانی ناتۆ بەدەستهێنانی هاوپەیمانییەتێکی سەربەخۆیە لەگەڵ ئەمەریکا، پێش بەستنی لووتکەی ناتۆ ترەمپ سێ جاری سەردانی بەریتانیای کردووەو لە هەموو سەردانەکانیشیدا پشتگیری خۆی بۆ بوریس جونسون دەربڕیوە. بەریتانیاش بەبەراورد لەگەڵ فەرەنساو ئەڵمانیا، هەمیشە لەهەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ ئەمەریکا نەرمی نواندووە، ئەم نەرمی نواندنەی بەریتانیا ئەو کاتە زۆر بەروونی دەرکەوت کاتێ پێچەوانەی فەرەنساو ئەڵمانیا چووە ڕیزی ئەو هاوپەیمانێتییەی کە ئەمەریکا بۆ پاراستنی ڕێژەوە ئاوییەکان لە کەنداو پێکی هێناوە، بەڵام ئەوەش بەو واتایە نایەت کە ئیتر بەریتانیا پێویستی بە چارەسەرە ئاشتییەکانی وڵاتە ئەورووپییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نەماوە، هاوشێوەی پێشنیاری چارەسەری ئاشتیانەی ئەورووپییەکان بۆ چارەسەرکردنی ڕێککەوتنی ناوکیی لەگەڵ ئێران.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە بەریتانیا ڕۆڵێکی باش بۆ نزیک کردنەوەی دیدوبۆچوونەکانی ئەمریکا لەگەڵ فەرەنساو ئەڵمانیا بگێڕێت. یا بەریتانیا بەو پێیەی نزیکترین وڵاتی ئەورووپایە لە ئەمەریکاو کەمتر پاکی بە ئیبتیزازەکانی ئەردۆگان هەیە، هەڵوێستی وڵاتە ئەورووپییەکان لە بەرامبەر ئەردۆگان بۆ ڕاگرتنی پەلاماری سەربازییەکانی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بە هێزتر بکات.

بەریتانیەکان هەست بە خاڵی بەهێزی خۆیان لە نێو هاوپەیمانی ناتۆ دەکەن، بەڵام ئەوەی مێشکی ترەمپی لەسەر بەریتانیا لە نێو هاوپەیمانی ناتۆ سەقاڵتر کردووە لەوە سەرچاوەی گرتووە ترسی لە هەڵسوکەوتە سیاسییەکانییەتی لەدەرەوە، کاریگەری خراپی لە نێو ئەمەریکا بۆ بکەوێتەوەو زیانی پێ بگەیەنێت و هەڵوێستی دیموکراتەکانی لەدژی بەهێزتر بکات هەروەها هەوڵەکانیان بۆ لابردنی یا دووخستنەوەی ترەمپ لە ویلایەتی دووەم ئاسانتر بکات.

سەرچاوە: ئاژانسەکان



سوودان ژمارەی سەربازانی لە یەمەن کەم کردووەتەوە



سەرۆکوەزیرانی قۆناغی ڕاگوزەر لە سوودان، عەبدوڵا حەمدوک ڕایگەیاند کە ژمارەی هێزەکانی سوودان کە لەنێو هێزەکانی هاوپەیمانی عەرەبی بە ڕێبەرایەتی سعوودیە دژیە حووسییەکان دەجەنگن لە یەمەن لە 15 هەزارەوە کەمکردووەتەوە بۆ پێنج هەزار. عەبدوڵا حەمدوک دوای سەردانی ئەمریکا بۆ ڕۆژنامەنووسان دوا و ڕایگەیاند "لە یەمەندا چارەسەرێکی سەربازیی بوونی نییە. ئارەزوی گەیشتنین بە چارەسەرێکی سیاسیی دەکەین. ئامادە و ئارەزوومەندی هاوکاری خوشک و برایانمان لە یەمەن دەکەین. ژمارەی سەربازانمان لە یەمەن بۆ نزمترین ئاست لە 15هەزارەوە کەمکردووەتەوە بۆ پێنج هەزار". دوێنێ سەرۆکوەزیرانی قۆناغی ڕاگوزەر لە سوودان، عەبدوڵا حەمدوک لەمیانەی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسێکدا لە ئەمریکا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەدڵنیاییەوە سەربازانیان لە یەمەن دەکێشنەوە. عەبدوڵا حەمدوک باسی لەوە کرد کە لە ئەمریکا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە وەزیران و ئەندامانی کۆنگرێس کۆبوونەتەوە و گوتی: "سەردانەکەمان سێ ئامانجی هەبوو، بەتایبەتی سزاکانی ئەمریکا بەسەر سوودانداو، پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و بابەتی قەرزەکانی سوودان. زۆر شتمان بەدەستهێنا. ئەگەر بەهەمان شێوە بەردەوامبین سوودان دەگەیەنینە باشترین ئاست". سەرۆکوەزیرانی قۆناغی ڕاگوزەر لە سوودان ئەوەیشی خستەڕوو کە دیالۆگ لەگەڵ واشنتۆن دریژەی هەیە و پێوستیان بەکاتە بۆ هەڵگرتنی تەواوی سزاکان. حکوومەتی ئەمەریکا لە تشرینی یەکەمی 2017دا، ئەو سزا ئابووریانەی هەڵگرت کە لە ساڵی 1997ەوە بەسەر سوودانداو سەپێندرابوون، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە ساڵی 1993دا میواندارای لە سەرکردەی ئەلقاعیدە، ئوسامە بن لادن-ی کردبوو، ناوی سوودان-ی لە "لیستی وڵاتانی پشتیوانی لە تیرۆر" دەرنەهێنابوو.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1969:
پەرلەمانی بەریتانیا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری لادانی سزای لەسێدارەدانی بۆ حالەتی تاوانی کوشتن دا .



سالی 1971:
دوای 101ساڵ داگیرکاری ، بەحرێن سەربەخۆیی لە بەریتانیا راگەیاند .



سالی 1998:
ئەمەریکا و بەریتانیا هەڵمەتی ڕێوی بیابانیان لە دژی سوپای عێراق دەست پێکرد .



سالی 2007:
هێزەکانی عێراق ئاسایشی شاری بەسرایان لە هێزەکانی بەریتانیا وەرگرتەوە .



سالی 2014:
لە بیشاوەری پاکستان چەکدارانی تاڵیبان هێرشیان کردە سەر قوتابخانەیەک و 132 کەسیان کوشت.



سالی 2018:
لە دیمەشق بۆ یەکەم جار عەلی حەسەن بەشیری سەرۆکی پێشووی سودان و بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا کۆبوونەوە

www.xebat.net
دووشەممە 2019/12/16 ژمارە (5893)
خەبات



قەتەڕ و سعودیە..
تەنگژەی کەنداو

ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆڕ

دەوڵەتی قەتەڕ ئاشکرای کرد،لەگەڵ سعودیە دانوستانیان کردووە بەو ئومێدەی تەنگژەی دووساڵەی نێوانیان کۆتایی پێ بێنن. لەو بارەوە محەمەد بن عەبدولڕەحمان ئال سانی وەزیری دەرەوەی قەتەڕ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا گوتی: هیوادارین دانوستانەکانمان سەربگرێت.هاوکات سوپاسگوزاری خۆی ئاڕاستەی ئەمیری کوێت شێخ سوباح ئەلجابر ئەلئەحمەد سوباح کرد کە ناڤبەری دەکات بۆ کۆتایی پێهێنانی تەنگژەکە.

ئەو دەوڵەتانە قەتەڕیان بەوە تۆمەتبار کرد کە پاڵپشتی گرووپە توندڕۆکان دەکات و هەندێک سەرکردەی ئەو گرووپانە دادە دەدات کە لەلایەن هەندێک دەوڵەتەوە وەکو تۆمەتبار داواکراون

جێی بیرهێنانەوەیە لە تەموزی ساڵی 2017 هەریەکە لە سعودیە و ئیمارات و میسر و بەحرێن پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانیان لەگەڵ قەتەڕ پچڕاند و دووریان خستەوە لە هاوپەیمانیەتی عەرەبی لە جەنگی لە یەمەن و دەروازە سنوریە وشکانیەکانیان لە ڕووی قەتەڕییەکان داخست و قەدەغەیان کرد فڕۆکەی قەتەڕی بە ئاسمانی ئەواندا بفڕێت.ئەو دەوڵەتانە قەتەڕیان بەوە تۆمەتبار کرد کە پاڵپشتی گرووپ توندڕۆکان دەکات و هەندێک سەرکردەی ئەو گرووپانە دادە دەدات کە لەلایەن هەندێک دەوڵەتەوە وەکو تۆمەتبار داواکراون . لە بەرانبەریشدا قەتەڕ ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە.هەر لەو چوارچێوەیەدا هەندێک لە میدیاکان بڵاویان کردەوە گوایە ، وەزیری دەرەوەی قەتەڕ لە مانگی ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەمی ڕابردوو لە هەوڵێکدا بۆ کۆتایی پێهێنانی تەنگژەی نێوانیان بە سەردان چووەتە ریازی پایتەختی سعودیە . لە سەرەتای تەنگژەکەوە دەوڵەتی کوێت لە وەتەی ساڵی 2017وە ڕۆڵی ناڤبەری دەبینێت لە نێوان قەتەڕ و دەوڵەتانی دیکە.لەو بارەوە کوێت داواکارییەکی 13 خاڵی داوەتە قەتەڕ بۆ کۆتاییهێنان بە تەنگژەکە ، لە نێوانیاندا:

کەمکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ تەنیا پەیوەندیی بازرگانی.

ئەو هاوولاتیانە تەسلیم بە وڵاتەکانی خۆیان بکاتەوە کە لە قەتەڕ نیشتەجێن و لە وڵاتی خۆیاندا داواکراون .

داخستنی دەستەجێی بنکەی سەربازی تورکیا لە قەتەڕ.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەش تەنها مۆڵەتی 10 ڕۆژیان دابوو بە قەتەڕ. بەڵام هەر لە هەمان کات قەتەر ئەو داواکارییانەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند قەبوڵ ناکات سەروەری قەتەر پێشێل بکرێت بەڵام ئامادەیە لەو بارەوە گفتوگۆ بکات .لە هەوڵێکی دیکەدا بۆ گلدانەوەی تەنگژەکە ، ریم ئەلهاشمی وەزیری ئیماراتی بۆ کاروباری هاوکاری وڵاتان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە 19 تەموزی 2017 بە ئامادەبوونی نوێنەری هەرسێ دەوڵەتەکەی دیکە، دوا پێشهاتەکانی تەنگژەکەی خستەڕوو، گوتی، پێویستە قەتەڕ بێتە سەر مێزی گفتوگۆ، دوای ئەوە عەبدوڵا ئەلموعەلیمی نوێنەری سعودیە گوتی، وڵاتە عەرەبیەکان ڕشتن لەسەر ئەوەی هەر کارێکی ناڤبەری بۆ چارەسەری تەنگژە پێویستە لەسەر ئەو شەش بنەمایە بێت کە لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی چوار وڵاتەکە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە لە 5ی تەموز لە قاهیرە، کە بریتین لە:

پابەندبوون بە نەهێشتنی تیرۆر بە هەموو شێوەکانی و قەدەغەکردنی پاڵپشتکردن و ڕێگەنەدان بە داڵدەدانی تیرۆریستان .



ڕاگرتنی کرداری هاندان و قەدەغەکردنی ئەو وتارانەی کە دەبنە مایەی تووندوتیژی و ڕق و کینە.

پابەندبوونی تەواو بە ڕێککەوتننامەی ریاز ساڵی 2013و ڕێککەوتنی تەواوکاری و ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی لە ساڵی 2014 لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو .

پابەندبوون بە دەرهاوێشتەکانی کۆنگرەی ئیسلامی - ئەمەریکی کە لە ئایاری 2017 لە ریاز گێدرا.

ڕاگرتنی دەستەوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی دیکە یا پاڵپشتیکردنی گرووپ و قەوارە دەرچووەکان لە یاسا.

دانان بە بەرپرسیاریێتی وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو شێوەکانی تووندڕۆیی و تیرۆر بەو پێیەی هەڕەشە لە ئاشتی جیهان دەکات .

لەلایەکی دیکەوە، میدیاکانی قەتەر بڵاویان کردەوە، ئەمیری قەتەڕ لە مەلیکی سعودیەوە داوەتنامەیەکی پێگەیشتووە بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆنگرەی لووتکەی سعودیە لە ریاز بکات . بەڵام ئاشکرایان نەکردووە کە ئایا ئەمیری قەتەڕ بەشداری لە کۆنگرەکە دەکات یان نا .چاودێران وای بۆدەچن ، ئەو هەنگاوە باشترین نیشانەیە کە تەنگژەی نێوان ریاز و دۆحە بەرەو چارەسەر هەنگاو دەنێت. جێی باسە لەوەتەی تەنگژەکە دەستی پێکردووە ئەمیر بن تەمیم لە هیچ کۆنگرەیەکی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو ئامادە نەبووە، بەڵکو بۆ زۆربەی کۆنگرە و کۆبوونەوەکان نوێنەری ڕەوانە دەکات .

سەرچاوە : بی بی سی

ئەفغانستان پێشوازی لە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی ئاشتی نێوان واشنتۆن و تاڵیبان دەکات

گوتەبێژی سەرۆکایەتی ئەفغانستان، لەتیف مەحمودی ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی پێشوازی لە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی ئاشتی نێوان واشنتۆن و تاڵیبان دەکات. لەتیف مەحمودی لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەوانان، ئاماژەی کرد بەوەی کە واشنتۆن لایەنی ئەفغانی لە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ تاڵیبان و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان ئاگادارکردووەتەوە. مەحمودی گوتی:" گفتوگۆکان لەسەر چەند پرسێک دەبێت، لەنێویاندا دانانی سنوورێک بۆ تووندووتیژیەکان لە ئەفغانستان و جێبەجێکردنی ئاگربەست ". گوتەبێژی سەرۆکایەتی ئەفغانستان ئەوەشی گوت:" حکوومەتی ئەفغانستان خۆشحاڵە بە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی ئاشتی، واشنتۆن و کابول - یش بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و پێکەوە کار دەکەن لەپێناو هێنادی ئاشتی". لەلای خۆیەوە، گوتەبێژ بەناوی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی تاڵیبان، سوهەیل شاهین لەتویتێکدا لە قەتەرەوە ڕایگەیاند کە گفتوگۆ و دانوستانەکان کە ڕۆژی ڕابردوو دەستیان پێکردەوە ئەمڕۆش بەردەوامییان دەبێت، تێیدا زیاتر گفتوگۆ لەسەر پرسەکانی پەیوەندیدار بە واژووکردنی دەقی ڕێککەوتنی ئاشتی و ڕیاز بکات . بەڵام ئاشکرایان نەکردووە کە ئایا ئەمیری قەتەڕ بەشداری لە کۆنگرەکە دەکات یان نا .چاودێران وای بۆدەچن ، ئەو هەنگاوە باشترین نیشانەیە کە تەنگژەی نێوان ریاز و دۆحە بەرەو چارەسەر هەنگاو دەنێت. جێی باسە لەوەتەی تەنگژەکە دەستی پێکردووە ئەمیر بن تەمیم لە هیچ کۆنگرەیەکی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو ئامادە نەبووە، بەڵکو بۆ زۆربەی کۆنگرە و کۆبوونەوەکان نوێنەری ڕەوانە دەکات .

سەرچاوە : بی بی سی



مانشێت



سکای نیوز :
لە باشووری ڕۆژئاوای فەرەنسا ،لە ئەنجامی بارینی بارانێکی زۆر و هەڵکردنی بایەکی بەهێز ، کەسێک گیانی لەدەست دا و نزیکەی 600 کەسیش شوێنی نیشتەجێبوونیان بەجێ هێشت .



ئەی ئێف پی :
زۆربەی بۆچوونەکان بەدووری نازانن کۆنگرەی کەشوهەوا (کە لە مەدرید ساز دەکرێ) بەهۆی بوونی ناکۆکی توند لە نێوان بەشداربوان شکست بێنێ .



ئیلاف :
لە ویلایەتی غەزنەی ناوەڕاستی ئەفغانستان 9 سەرباز بە دەستی چەند چەکدارێکی بزووتنەوەی تالیبان کوژران .



ڕۆیتەرز:
سەرۆکوەزیرانی سکۆتلەندا ڕایگەیاند پێویستە جۆنسۆن ڕازی بێ بە ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی دیکە سەبارەت بە سەربەخۆیی سکۆتلەندا .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
پۆلیسی هۆڵەندا لە ئەمستەردامی پایتەخت کەسێکی تەمەن 12ساڵی دەستگیر کرد کە هەڕەشەی تەقاندنەوەی شەمەندەفەرێکی کردبوو .



کەنالی ئار تی :
چەند سەرچاوەیەک ڕایانگەیاند کە ئەمەریکا بە نیازە 4 هەزار سەرباز لە ئەفغانستان بکێشێتەوە .

پسپۆران دەیانەوێ گرتەیەکی فیلمەکانی خەیاڵی زانستیی بکەنە راستیی

لە تازەترین هەواڵیدا، پسپۆرانی ئاژانسی بۆشاییگەری ئەورووپی (ESA) بیر لە خەوتاندنی دوورودرێژی کەشتیوانانی ئاسمانیی بکەن بۆ بڕینی ماوەی دوورودرێژەکانی نێوان هەسارەکانی سیستەمی خۆر لە دوارۆژدا بێ ئەوەی ئەو کەشتیوانانە وزەی زۆر بەکاربهێنن یان دووچاری کێشەو گرفتی تەندروستی ببنەوە لەوکاتەی کە لەهۆش خۆیانن.

بە پێی ئاژانسی (AP) ئاژانسیESA رووڕی کردۆتەوە کەوا پسپۆرانی ئێستا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی چڕو پڕن لەسەر کاریگەریی (کرداری خەوتاندن - سبات) لەسەر تەندروستی و کرداری فسیۆلۆژییەکانی تیمێک کە بۆ نموونە ئەگەر بەرەو هەسارەیەکی وەکو مەریخ بەرێبکرێن و بۆیان دەرکەوت کەوا یەکەم خاڵی سوودی ئەو پرۆسەیە بریتییە لە بچووککردنەوەی قەبارەی خودی کەشتییە ئاسمانییەی کە تاقمی کەشتیوانان لە زەوییەوە بۆ ئەو هەسارەیە دەگوازێتەوە.

ئەگەرچی تا ئێستا نەتوانراوە کرداری گەش و نمای ئادەمیزد بەشێوەیەک لە شێوەکان بوەستێنرێت یان لایەنی کەم خاو بکرێتەوە وەک ئەوەی لەنێو هەندێ لە گیاندارانداروودەدات، بەڵام لێکۆڵینەوەو هەوڵەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەردەوامە.




دۆزینەوەی سەیر لەسەر هەسارەی سوواردا بەردەوامە

ماوە ماوە هەسارەی سوور بەشێکی زۆر کەمی نەخێنییەکانی خۆی دەخاتە بەر کامێرای یەگجار وردبینی گالیسکەی (مارس ڕیکۆنسیانس ئۆربیتەر)، کامێرای ئەم گالیسکەیە توانی چەند شێوازێکی نامۆ دەستنیشان بکات کە لە ناخی ڕووەکەی هەڵکەندرابوو نەوەک بەرزتر بێت لەناوچەکانی دەوروبەریدا بەڕووبەری 1.2مەتر دووجا بۆ هەر یەکێ لەو شێوازانە.

لە یەکێ لە وێنەکانی ئەم ناوچەیەدا لێدانی تیشکی خۆر بە ئاستی 15 خولەک لەسەر ئاستی ڕووی ئاسۆوە بەرزبۆتەوە و زۆر بە زەقی وردەکاریەکانی ئەم ناوچەیەی بەدیارخستبوو، زاناکان زوو ناویان نا (ئارانی فۆرم) و ئەمەش مانای (جاڵجاڵۆکە) دەدات. ئەم ناوچەیەش دەکەوێتە نێو بازنەی جەمسەری بەستنوی باشووری مەریخ. لەکاتی هاتنی وەرزی زستان و نزمبوونەوەی زیاتری پلەی گەرمی،گازی دوانۆکسیدی کاربۆن خێرا چڕ دەبێتەوەو لەسەر شێوەی (بەفری ووشک) لەسەر ڕووی خاکیدا دەنیشێتەوەو لەکۆتاییدا دێمنی جوانی (کیشوەری بەستووی باشووری مریخ) دا بەدیاردەکەوێت. لەبەر نزمیی پاڵەپەستۆی هەوا لەسەر مەریخدا، گازی دووانۆکسیدی کاربۆن لەدۆخی گازییەوە ڕاستەوخۆ دەچێتە دۆخی ڕەقی واتە دەبێتە سەهۆڵ. بەهاتنی وەرزی بەرهارو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، وەرە وردە پرۆسەکە بە هەڵگەڕاوەیی دەستپێدەکات و ئەمجارەیان ڕووبەر سەهۆڵییە وشکەکە دەبێتەوە گاز و دەگەڕێتەوە چینە بەرزەکانی هەوا. ئالەو کاتەی سەهۆڵ لە نێو درزو کەلەبەرەکانی ڕووی خاکدا دەنیشێتەوە جۆرە پاڵەپەستۆیەک دەخاتە سەر چینی خاکی سەرووی خۆی و لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیدا پاڵەستۆیەکە زیاتر دەبێ و ئەمجارەیان گازەکە بەدوای درز و کەلەبەردا دەگەڕێت بۆ دەرچوونی بەرەو هەوا. سەرەڕای ئەوەی ئەم دیاردەیە حاڵەتێکی زۆر ئاساییەو ڕوو دەدات، بەڵام لەکاتی ڕووداندا دیاردەو شێوازی زۆر سەیرو سەرنجڕاکێش جێدێڵن. سەبارەت بەوە کەندە جاڵجاڵۆکیانە، ئەوا قۆڵاییان دەگاتە نێوان 1 تا 2 مەتر.

ئاسەواری دەریاچەیەکی وشکبوو لەسەر ڕووی مەریخدا بینرا



لەلایەکی دیکەوەو دوای گرتنی دیمەنی زۆر نایاب و وردبۆ نشێوێکی فراوان لە بنکەی چیای مەزنی (شارپ) لەنێو چاڵی (گیێڵ) لە ڕێگەی کامێراکانی گالیسکەی گەڕۆکی (کریۆسیتی)، یەکەم هێما بۆ بوونی دەریاچەیەکی ئاوی سازگار لە میژووی یەگجار زۆر کۆنی مەریخدا دەرکەوت، ئەویش دوای بینینی چەندین پلێتە خاکێکی شەقاربوو کە پێشتریش لە دیمەنەکاندا دەرکەوتبوون، بەڵام ئێستا بە تەواوی پشتڕاستکرایەوە کەوا ئەو دیمەنەی وەرگیراوە بریتییە لە پاشماوەی دەریاچەیەکی زۆر کۆن و وشکبووی مەریخ کە میژووی بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان 3.3بۆ 3.8ملیۆن ساڵ پێش ئێستا.

سەبارەت بە پلانی داهاتووی ناردنی مرۆڤ بۆ هەسارەی (مەریخ)، ئاژانسی (ناسا) ڕایگەیاند کەوا ئێستا پلانێکیان دارشتووە بۆ ناردنی مرۆڤ بۆ هەسارەی (مەریخ) و مانەوەیان بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر ئەم هەسارەیەو پاشکۆکانیدا.

لە ڕۆژنامەی (دەیلی تیلیگراف) دا هاتووە کەوا ئەم نێردراوەیە ملیاردها جونەیهی ئیستەرلینی تێدەچێت و ناونراوە (کەشتی ئاسمانی بۆ سەد ساڵ - Hundred Years Starship) بەسەرپەرشتی (سەنتەری بۆشاییگەری ئێیمیس) ەوە دەبێت لە ویلایەتی (کالیفۆرنیا).

جێگای ئاماژە پێدانە بەڕسانی (ئاژانسی پڕۆژە پێشکەوتووەکانی پینتاگۆن) یش بە شێوەیەکی بەرفراوان لەم پڕۆژەیە بەشدار دەبن تا ئەم بیرۆکەیە لە خەیاڵەوە بکەنە ڕاستی و ڕەنگە لە ساڵی 2030 و بە تێچوونی 7ملیار جونەیهی ئیستەرلینی ئەم پڕۆژەیە ئەنجام بدرێت.

تاوەکو ئێستا زانایان بڕی 600هەزار جونەیهی ئیستەرلینی- کە 100 هەزاری تایبەت بە ئاژانسی ناسا- یە بەدەستیان گەیشتووەو زیاتر لەوەش ئامادەکارانی ئەم پڕۆژەیە داوایان لە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهانیش کردووە بۆ یارمەتیدانیان لەم پڕۆژەیە، لەوانەش (لاری کینگ) ی دامەزرێنەری کۆمپانیای (گوگڵ).

(بیتیلجیوز) ئەو بۆمبە گەردوونییەی لەسەر تەقینەوەیە!

لە ڕیزبەندی گەشێتی ئەو ئەستێرانەی کە ئێمە لەسەر زەویدا دەیانبینین، Betelgeuse نۆیەم گەشترین ئەستێرەیەو یەکێکە لە ناودارترین ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی باکوور و لە سەرەتای وەرزی پاییزدا دوای نیوەی شەودا بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوادا هەڵدێت، بەڵام لەشەوانی زستاندا بە ئاراستەی باشوور و باشوور ڕۆژئاوادا وەک خاڵێکی گەشی سووری بریسکەدار لەنێو کۆستێرەی (ڕواچی - Orion) دا دەبینرێت.

لە دواوەی 15ی تەموزی هەموو ساڵێک و پێش هەڵاتنی خۆر بە یەک کاتژمێر بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێت و چاکترین کات بۆ بینینی: کاتژمێر 10ی شەو لە ماوەی نێوان کۆتایی کانوونی یەکەم تا کۆتایی مانگی شوباتی هەموو ساڵێک کە لەو کاتانەدا دەکەوێتە بەرزترین ئاستی خۆی لە ناوچەیەکی نزیک لە ناوەڕاستی ئاسماندا.


لە ڕووی فیزیای فەلەکناسییەوە، پسپۆڕانی فەلەکناسی کۆکن لەسەر ئەوەی ئەستێرەیەی Betelgeuseگەیشتۆتە قەڕاغی مەرگی خۆی و ڕەنگە لەهەر سەتێکدا بتەقێتەوە، وە ئەو تەقینەوەیەش یەگجار زۆر مەزن دەبێ و لە جۆی ناسراو بە (سوپەرنۆڤا) دەبێ و هێزەکەی ئەوتۆیە کە ڕووناکییەکەی لە کاتی تەقینەوەیدا لە هەموو شوێنێکی نێو گەلەستێرەمان (ڕێی کاکێشان) دا دەبینرێ، بەڵکو لە گەلەستێرەکانی دیکەی دراوسێشدا وەک خاڵێکە گەش بۆ ماوەیەک بە دیار دەکەوێت!

با بزانین لە ڕووی فیزیای فەلەکییەوە، ئەو ئەستێرە سەرنجڕاکێشە خاوەنی چ تایبەتمەندییەکە؟:

-ئەستێرەیەکی نا ئارامە و قەبارەکەی ماوە ماوە لە 290 ملیۆن تا 480 ملیۆن کیلۆمەتر دەکشێ و پاشان دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.

-بەشێوەیەکی گشتی لە جۆری ئەستێرە (نەفرەنجایە سەرووی مەزنەکانە Red-Super Giantو ڕەنگی سوورێکی ڕوون و ئاشکرایە و زۆر بە ئاسانی چاوی ئاسایی مرۆڤ و بێ بەکارهێنانی هیچ جۆرە ئامێرێکی وەک تەلەسکۆپ و دووربین دەتوانێ ئەو ڕەنگە سوورەی ئەم ئەستێرەیە لە ئەوانی دیکەدا جیا بکاتەوە. پایەی شەبەنگی لە پۆلێنی (M2) و پلەی گەرمیی ڕووەکەی لە سنووری 3000 تا 3500 پلەی سەدییە.

-بارستاییەکەی 15 جار ئەوەندەی بارستایی خۆرەو 460 جاریش گەورەترە. تیرەی 660 جار لە تیرەی خۆر گەورەترە.




فەلەکناسێکی ناودار دەڵێ: تێکنۆلۆژیا بۆتە هۆی شاردنەوەی زەوی لە شارستانییەکانی تر

لە لێدوانێکی فەلەکناسی ناوداری ئەمریکا و جیهان (دکتۆر فرانک دراک) دا هاتووە کەوا "سەرهەڵدانی شۆڕشی دیجیتاڵی وایکرد زەوی لەبەرامبەر (شارستانییەکانی دیکەی گەردوون) بشارێتەوە ,ئەوانەی ئارەزوویان هەیە پەوەندی بە شارستانییەتی ئادەمیزاد بکەن لەسەر هەسارەی زەویدا. فرانک کە دامەزرێنەرو سەرۆکی (پەیمانگەی گەڕان بەدوای شارستانییە هۆشمەندەکانی گەردوون -Search for Extraterrestrial Intelligence) کە بە (SETIناسراوە و لەهەوڵیر گەڕانی بەردوامە بۆ دۆزینەوەی شارستانییەتێکی هۆشمەندی گەردوونی دایە ,بەڵام ئێستا لەبەر بڵاووبونەوەی تۆڕەکانی پەیوەندی دیجیتاڵی سەر زەمینی و ئاسمانی و بڵاوبونەوەی تۆڕەکانی وێستگەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان و گەیشتنیان بۆ قوڵایی ملیۆنەها کیلۆمەتر بۆ دەرەوەی بۆشایی ئاسمان زەوی وایکردووە پەردەیەکی ئەلیکترۆنی بەسەر هەسارەکەمان دابدات و بشارێتەوەو نەهێڵێت هیچ جۆرە هێمایەکی لاوازی هاتوو لەهەر شارستانییەتێکی دووری نێو گەلەستێرەمان - ئەگەر هەبێت- بگاتە نێو تەلەسکۆپە ڕادیۆییەکان کە زۆر کاریگەربوونە بە شەپۆلە یەگجار زۆر و زەوەندانەی کە ئێستا لەئاسمانی هەسارەکەماندا پەرش و بڵاو بوونەتەوە، هەروەها (فرانک دراک) ڕوونی کردۆتەوە: ئەگەر حاڵ هەر ئاوا بڕوات و سەرچاوەکانی تیشکی و شەپۆلیی جیاجیا ڕوو لە زیادبوون بکات، ئەوا بە تەواوەتی لە ئاسماندا نادیار دەبین و (کەس) یش ناتوانێ بماندۆزێتەوە!.

جێگای ئاماژەیە کەوا (فرانک دراک) پێی وایە چەندین شارستانییەتی هۆشمەند هەیە لە نێو خودی گەلەستێرەی (ڕێی کاکێشان) ی خۆمان و ئەگەری واش لە ئارادایە کە ئەم شارستانیانە هەوڵی دۆزینەوەی کەنالی پەیوەندی لە نێوان یەکتریدا دەدەن بەڵام سەرەڕای هەوڵ لێکۆڵینەوەکانی (دراک) و تیمی پەیمانگەی (SETI) لە ماوەی 20 ساڵی ڕابردوودا تاوەکو ئێستا هیچ هێمایەکی وەرگیراو لە هیچ شارستانییەتێکی نێو گەلەستێرەماندا بەردەست نەکەوتووە کەچی سەرەڕای ئەوەش ئەم تیمە بەردەوامە و بڕیاری وەستانیان نەداوەو بەردەوام هیوایان هەیە کەوا ڕۆژێک لە ڕۆژان شارستانییەتی مرۆڤ شاد ببێت لەهۆڵ شارستانییەتێکی هۆشمەند یان لەخۆی هۆشمەندتر لەنێو گەلەستێرەی ڕێی کاکێشاندا.

هەسارەیەک لە شێوەی (نیپتۆن) لە دەرەوەی سیستەمی خۆردا دۆزرایەوە

تیمێک لە زانایانی ئەمریکی توانیان هەسارەیەکی نوێ و نزیک بدۆزنەوە کە قەبارەکەی بەقەدەرایی هەسارەی (نیپتۆن) و بە مەودای 33 ساڵی ڕوناکی لێمانەوە دوورە، واتە نزیکەی 330 تریلیۆن کیلۆمەتر. " ئەم هەسارەیە ناونراوە (جی 436بی) و یەکێکە لە بچووکترین هەسارە دۆزراوەکانی سنووری دەرەکی سیستەمی، چونکە زۆربەی هەسارەکانی دۆزراونەتەوە قەبارەیان لەمەی دوایی گەورەترە" ئەمەش بە گوتەی (گێڤن ستیڤنسن) ی فەلەکناس و لێکۆڵەر لەبواری دۆزینەوەی هەسارە نوێیەکانی دەرەوەی سیستەمی خۆر.



دەرەنجامە دەستکەوتووەکانی تایبەت بەم هەسارەیە زۆر سەرنجڕاکێش بوونە، چونکە ئەوەی زانراوە کە ئەو هەسارانەی قەبارەیان وەک هەسارەی نیپتۆنە دەبێ پلەی گەرمیان بەرز بێ بگاتە سنووری 540 پلەی سەدی و ئاستی گازەگانی وەک Methane زۆر بەرزبێ ئاستی گازێکی وەک یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن زۆر نزم بێت، کەچی ئەوەی بینرا پێچەوانە بوو و دەرکەوت ئاستی گازی Methane بە ڕێژەی Methane جار کەمترە لە ڕێژەی پێشبینی کراو و ئاستی گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن زۆر بەرزتر بووە.

ئەمڕۆ دوا گەڕی 14مین پاڵەوانێتی کلاسیکی شەترەنجی خانزاد بەڕێوەدەچێت



ئەمشەو کاتژمێر 8ی شەو بەکاتی هەولێر، ڕێوڕەسمی 14هەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی کلاسیکی خانزاد بەڕێوەدەچێت. پێنجشەممەی ڕابردوو 14هەمین پاڵەوانێتی کلاسیکی شەترەنج بەبەشداری 70 شەترەنجزان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، لە شاری هەولێر کرایەوە کە یانەی شەترەنجی خانزاد بە سیستمی سویسری 9ڕاوند ڕێکیخستبوو. ئەم پاڵەوانێتییە کە بەهاوکاری یەکێتی شەترەنجی عێراقی لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە تۆمارکراوە و یاریبەکانیش ڕۆژانە ئۆنلاین لە دوو بەناوبانگترین سایتی شەترەنج پەخش دەکرێن و پاڵەوانێتییەکەش بەسەرپەرشتی کاوە خەلیلی ناوێژیوانی نێودەوڵەتی کە لە وڵاتی ئێرانەوە هاتووە، بڕیاریشە ئەمشەو ڕێورەسمێکی شایستە بۆ کۆتاییەکە ڕێکبخرێت.

لیڤەرپوول لەسەرکەوتنەکانیدا بەردەوامە



سوارن سلێمان

دوای ئەوەی محەمەد سەلاحی هێرشبەری میسری و یانەی لیڤەرپوول لە یارییەکەیان بەرامبەر یانەی واتفۆرد توانی بردنەوەیەک و 3خاڵ بۆ یانەکەی مسۆگەر بگات، ئەمە بەر لەوەی گەشتی وڵاتی قەتەر بکات بۆ بەشداریکردن لە جامی جیهانی یانەکان.

محەمەد سەلاح توانی بە دوو گۆڵە ناوازەکەی لەناو یاریگەی خۆیان شکستی بە یانەی واتفۆرد بهێنێت، کە لە خولەکانی 38، 90 تۆماری کرد و ئەمەش هەشتەم بردنەوەی لیڤەرپوولە لەسەرێەک بەدەستی دەهێنێت.

جێی باسە یانەی لیڤەر جیاوازی خاڵەکانی لەگەڵ لیستەرستیدا گەیاندە 11 خاڵ.

زێرەڤانی و پێشمەرگەکانی هەولێر و سلێمانی ڕکابەری لەسەر پلەکانی یەکەم دەکەن



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

لە گەڕی هەشتەمی خولی نایابی لاوانی کوردستان، چەند یارییەکی گرنگ بەڕێوەچوو، لەشاری سلێمانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی میوانداری یانەی زێرەڤانی کرد، یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەبێ گۆڵ کۆتایی هات، بەم ئەنجامە زێرەڤانی دوای کۆکردنەوەی 19 خاڵ هەر لەپێشەنگ مایەوە، لەبەرانبەردا پێشمەرگەی سلێمانی بە 17 خاڵ لەپلەی سێیەم جێگیربووە.

لەیاری دووەمدا پێشمەرگەی هەولێر دوای بردنەوەی لە سیروانی نوێ بە تاکەگۆڵێگی بێ وەلام ، 3 خاڵ و سەرکەوتنێکی گرنگی دەستەبەرکرد، بەم ئەنجامە پێشمەرگەی هەولێر بەکۆکردنەوەی 18 خاڵ دوای زێرەڤانی لەپلەی دووەمی ڕێزبەندی خولەکە دەبیندرێت، لەیاریەکی دیکەدا هەردوو یانەی شێروانە وهەندرێن ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، لەم یاریبەدا خاوەن یاریگا کەیانەی شێروانەیە توانی بەئەنجامی دوو گۆڵی بێ وەلام لەهەندرێن ببات‌ەوە و 3 خاڵی بخاتە سەرخاڵەکانی خۆی، شێروانە ئێستا بەکۆکردنەوەی 7خاڵ لەپلەی دەیەمدایە، لەبەرانبەردا هەندرێن بەکۆکردنەوەی 3 خاڵ لەدواهەمین ڕێزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت.

بۆ یەکەمین جار سعودیە میوانداری پاڵەوانێتییەکی گۆڵفی ئافرەتان دەکات

بۆ یەکەمین جار سعودیە لەماوەی نیوان 19تا 22ی ئاداری داهاتوو لە شاری جەددە، میوانداری پاڵەوانێتییەکی گۆڵفی ئافرەتان دەکات.

یەکێتی گۆڵفی ئەوروپی بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی گۆڵفی سعودی، پاڵەوانێتی گۆڵفی ئەوروپی لە شاری جەددە بەڕێوەدەبات، کە کۆی خەڵاتەکانی دەگاتە یەک ملیۆن دۆلار، کە بڕیاریشە 108کچە یاریزانی پیشەگەر بەشداری لەم پاڵەوانێتییەدا بکەن.

جێی باسە بەمدواییە وڵاتی سعودیە چەندین ڕکابەری وەرزشی لە ئامێزگرت، کە گرنگترینیان پاڵەوانێتی مشتەکۆڵەی جیهانی بۆ کێشی قورس کە لەنێوان ئەنتۆنی جۆشوای بەریتانی و ئاندی ڕویزی مەکسیکی.

کاڤانی دەیەوێت تۆڵە لە سان جێرمان بکاتەوە






ئیدینسۆن کاڤانی، ئەستێرەی ئۆرگوایی و هێرشبەری یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی، بە ماوەیەکی ئەستەم لە یاریگەی باخچە شازادەکاندا ڕەت دەبێت، دوای ئەوەی کارگێڕی یانەکەی، مەسەلەی تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی، کە لەکۆتایی ئەو وەرزەدا تەواو دەبێت پشتگوێ خست. ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی ڕوونی کردەوە، ڕەوشی کاڤانی لە پاریس سان جێرمان نادیارە و پێویستی بە بڕیارێکی ڕوون هەیە، لەلایەن کارگێڕی یانەکەی بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی.

ڕۆژنامەکە باس لەوەش دەکات، کاڤانی، دەیەوێت تۆڵە لە کارگێڕی یانەکەی پایتەختی فەرەنسا بکاتەوە، لەبەر نەبوونی هیچ ئارەزوویەک بۆ تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی لە ماوەی داهاتوودا، کاڤانی، پێشوازی لە ڕۆیشتن لە میرکاتۆی زستانەی داهاتوودا دەکات. ڕۆژنامەی ناوبراو دەڵێت، کاڤانی، بووەتە دیارترین گۆڵکار لە مێژووی پاریس سان جێرمان، دوای ڕۆیشتنی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچیش، دیارترین هێرشبەری یانەکە بوو، بەر لە هاتنی کیلیان مبابێ و نەیمار داسیلڤا، بەڵام ئێستا لە درەوەی بازنەی تیپەکەیەتی. لە کۆتاییشدا دەڵێت، کاڤانی، کار لە سەر تۆڵەکردنەوە لە کارگێڕی یانەکەی دەکات، لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی ئەو گرێبەستانەی، کە لە میرکاتۆی زستانە، لە مانگی کانونی دووەمی داهاتوو پێشکەشی دەکرێن، بۆ ئەوەی لە هاوینی داهاتوودا بە شێوەیەکی کۆتایی و بەخۆڕایی بڕوات، بەمەش یانەکەی هیچ سوودێک لە ڕۆیشتنی وەرناگرێت.

ڕەمزی میرەکانی



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon.16. Dec. 2019 No: (5893)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

جوانی سروشتی کوردستان هەمووانی سەرسام کرد


هۆڵەندا ... فیلمی کوردی سدیق و پلنگ براوەی خەڵاتی یەکەم بوو



ساسان دەروێش - هۆڵەندا

فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلیمی دیکۆمێنتاری ئەمستردام ، یەکێکە لە دەرفەتە باشەکان بۆ بەرەوپێشچوونی دەرهێنەرانی فیلیم و دەرکەوتنیان لە دوای هەڵبژاردنیان بۆ ئەم فیستیڤاڵە و بەشداربوونیان لە پێشبڕکێی ئەنجامی هونەرەکەیان وبردنەوەی خەڵاتەکان ، بۆ ئەم ساڵیش کۆمەڵێک لە باشترین فیلیمەکانی ساڵی 2019ی لەخۆگرت و بینەرێکی زۆریان لە هەموو چین و توێژەکان لە نێو هۆڵەکانی سینەما بۆ بینینیان کۆکردەوە ، کە تیدا فیلمی کوردی دیکۆمێنتاری سدیق و پلنگ لە ڕیزبەندی فیلیمە نایابەکاندا بوو لە ڕۆژەکانی فیستیڤاڵ و پێشکەشکردنی کە بینەرێکی زۆری هەبوو ، ڕیبەر دۆسکی دەرهێنەری کورد خاوەنییەتی ، لە دوای ئەزمونێکی دەوڵەمەند لە بواری دەرهێنان و فیلیمسازی لە هۆڵەندا کە ماوەیەکی درێژە لە هۆڵەندا نیشتەجێیە و پەیمانگای سینەماشی هەرلەوێ تەواوکردوە و خاوەنی چەند فیلیم وخەڵاتی نێودەوڵەتییە ، فیلیمی سدیق وپلنگ دوا بەرهەمی ناوبراوە لە گەورەترین فیستیڤاڵی دنیا بۆ بەڵگە فیلیم و دیکۆمێنتاری پێشکەشکردوە ، لە دوای سێ ساڵ کارکردنی بەردەوام لە باشووری کوردستان لە وێنەگرتنی بەرهەمەکەی بە هاوکاری تیمێکی هاوپیشەکانی کارێکی سەرکەوتوویان ئەنجامدا ، لە کۆتایی فیستیڤاڵەکەشدا لیژنەی سەرپەرشتی و بڕیاردان لە فیلیمەکان ، سەیرکردنی فیلیمی دیکۆمێنتاری کوردی سدیق و پلنگ وێرای باشی کوالیتی هونەری ڕەنگ و شێوەی کارکردن تیدا لەو کارە هونەرییە سەختەی کە ئەنجامدراوە لە نێو سروشتی جوانی چیاکانی کوردستان لە کۆکراوەی 83 خولەکدا کەبەزمانی کوردی و ژێرنووسی زمانی ئینگلیزیبوو ، هەموویانی سەرسام کرد لە هەڵبژاردنی شوێنی وێنەگرتنەکان لە ئەفسوناوی و جوانی سروشتی کوردستان و چیاکان و کانیاوەکانی و ژیان تیدا بۆ مرۆڤی کورد و گەڕان بەدوای سەربەستی و سەربەخۆبوون لە نێو ژینگەیەکی خاوێن و دوور لەجەنگ پارێزگاری لێ بکەن لە دوای ئەو هەموو نەهامەتییەی کە بەسەر کورد و سروشت و ژینگەی خاکەکەی بەسەریدا تێپەڕین ، سدیق و پلنگ پەیامێک بێنە بۆ گەڕانەوە بۆ سروشت و ژیانەوە بۆ بانگەندە و ئاژەڵە کێوییەکان و بوژاندنەوەی ڕوەکە خۆرسکەکان و بەخشینی ئارامی و جوانترکردنی سروشتی کوردستان ، کە هەمیشە ڕیبەر دۆسکی لەسەر بنەمایەکی جوانی هزری خۆی و کارکردنی لە فلیمەکانیدا ڕەنگدانەوەیەکی کوردانە و پەیامێکی نەتەوەیەکی گەیاندۆتە نێو کۆمەڵگەکانی نێودەوڵەتی و دەڵێ من باپیرم پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لەگەل فەرماندە عیسا سوار لە دژی داگیرکاران بەچەک جەنگاون بۆ بەرگریکردن لەخاک و نەتەوەکەمان، بەڵام من ئەم شێوازەم هەر لەمندالیەوە لەخەیاڵدابووم ، چۆن بتوانم لە خەونەکانما وێنەیەکی تر بۆ گەیاندنی نەتەوەیەکی بندەست و داگیرکاران بکێشم بەهونەر ، هەر لەهەمان فیلیمیشدا کارئەکتەری سەرەکی محەمەد سدیق بارزانیە و ژینگە پارێزەرێکی سروشتی کوردستان دەڵێت : خەباتی چەندین ساڵەی من و هاوڕێکانم بۆ پارستنی شروشتی ولات ، کوردستانی خۆشەویست ، لە ئاستی نێودەوڵەتی بالاوبۆیەوە لە فیلیمی سدیق وپلنگ کە دەرهێنەری کورد ڕێبەر دۆسکی خاوەنیەتی ، خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلیمی دیکۆمێنتاری ئەمستردام بردەوە ، من لەگەڵ هاوڕیی خۆشەویستم هانا ڕەزا وەکو کارئەکتەر لە فیلیمەکە بەشدارین ، فیلیمەکە سەرکەوتووبو لە ئاستی نێودەوڵەتی سەبارەت بەجوانی سروشتی کوردستان ، بەرخودان و بوژاندنەوە. هەروەها هانا ڕەزاش دەڵێت : شاخ ودەشت وچیاوهەردت بۆ چییە ، کە ژیانی تیانەبێ ، شاخەکانمان بەبێ سەوزایی داربەڕوو قەزوان و گیانەوەری کێوی ، هیچ نین هیچن ، شاخەکانمان بەسەوزایی و بەگیانەوەرانەوە تەنانەت سەرنجی مرۆڤێکی بێتاکیش ڕائەکێشن .

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

) دۆنالد ترەمب)ی سەرۆکی ئەمەریکا ، داوای لە هاووڵاتیان کرد دەست بەئاوەوە بگرن بەتایبەتی لەکاتی خۆشوشتن و چوونە ئاودەست، هەروەها گوتی(پێویست ناکات ڕۆژانە دوو سێ جار بچنە ئاودەست، چونکە ئەمە بەهەدەردانی ئاوە(.ئاو ، کە بەزێری شین ناسراوە ، لە دنیای پێشکەوتوودا، پێوەری تایبەت بۆ بەکارهێنانی دانراوە ، کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە شەڕی گەورە ، لەنێوان وڵاتان دا ، لەسەر ئاو بقەومێت، بیرم لەوە کردەوە ، وڵاتێکی وەک ئەمەریکا ، کە خاوەنی ئەو هەموو تەکنۆلۆژیا و سامانەیە ، سەرۆکەکەی درکی بەوە کردووە خەڵک ئاو بە فیڕۆ دەدەن ، کەچی لە مەفتەنی ئێمەدا ، هەر هەموومان ڕۆژانە هەزاران لیتر ئاو بەفیڕۆ دەدەین ، ماکینەی شووشتنی تۆمبێل لەناو گەڕەکانە ، بەو زستانە ، بەبەردەمی ماڵان دادەڕژم، لەبن دەرگای حەوشە ، ئاوێکی ڕوون شۆڕەی دێت، مریشک فرۆشێک بەقەد گەڕەکێک ئاو سەرف دەکات.ژنێک، لەبەر دەرگای ماڵەکەی، سۆندەی بەدەستەوە بوو ، ئەو ئاوە نازداوە بە خۆڕایی دەڕۆیشت، گوتم:

ـ دادە گیان، ئەو ئاوە بگرەوە، گوناحە.

بەموورێی سەیری کردم و گوتی:

ـ لۆ بابم، ئاو ئاوی خوایە، ئەتوو مودیری ئاوی

هانی سەڵاح یەکەم بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە



هەمزە سەرحان

کچە گۆرانیبێژ هانی سەڵاح، یەکەم بەرهەمی خۆی بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کردەوە و بە وتەی خۆشی بە نیازە دواتر کارێک بە زمانی کوردیی بکات.هانی سەڵاح لە بارەی بەرهەمە نوێکەیەوە ڕایگەیاندووە »یەکەم بەرهەمم گۆرانییەکی ئینگلیزییە بە ناوی Some Times؟ گۆرانییەکی سۆزداریە و لە تێکست و میوزیکی خۆمە، بەرهەمەکەش لە ستۆدیۆی میترۆنیۆم پڕۆدەکشن تۆمار کراوە و ئەفشین شوکری سەرجەم کارەکانی بۆ کردووم.هانی سەڵاح وتوشیەتی: من بەو پێیەی لە وڵاتی سوید دەژیم، پێم خۆش بوو یەکەم کارم بە زمانی ئینگلیزی بێت تا لێرەش گوێگری هەبێت و دەستپێکێک بێت بۆ کارکردنم، هونەرمەند ئەفشین شوکری کارێکی دیکەی بۆ داناوم کە بە زمانی کوردییە و بە نیازم لە داهاتوودا کار لەسەر ئەو بەرهەمەش بکەم. هانی سەڵاح ١٥ ساڵ، کچێکی کورد و لە وڵاتی سوید ژیان بەسەر دەبات و لەو وڵاتە سەرقاڵی خوێندنی میوزیکە و دەستی کردووە بە کاری هونەری.

هونەرمەند موعین ئەسفەهانی لەگەڵ کێ وێنەی بڵاوکردەوە؟



خەبات: سەید فاتیح بەرزنجی

هونەرمەندی دەنگ خۆشی ئێرانی موعین ئەسفەهانی خاوەنی هەواداریکی زۆرەوەدەنگێگی زۆلالی هەیەو لە هەندەران دەژیت ، تازەترین وێنەی خۆی وکچەکانی بڵاوکردەوە ،ئەوهونەرمەندە ناوی (نەسرۆڵلا موعین نەجەف ئابادی یە) و ناسراوە بە موعینی ئەسفەهانی و هونەرمەندێکی فارسەو دوو ژنی هێناوە و لەسەرەتا دا لەگەڵ خانمێکی ئیسپانی ژیانی هاوسەرگیری پێک دەهێنێت و کچێکی لەو خانمە دەبێت و ناوی دەنێت (پەریچێهر) و هاوسەری دووەمی هونەرمەند موعینی ئەسفەهانی خانمێکی ئێرانییەو لەو خانمەش کچێکی دەبێت و ناوی دەنێت (ستێتارە) و ئێستا لەگەڵ ئەوان لە لۆس ئەنجلۆسی وولاتی ئەمەریکا نیشتە جێن ،موعین لەساڵی 1951لەشاری نەجەف ئابادی سەر بەپارێزگای ئەسفەهان لەدایک بووە

لە «ڕۆژانی ناساندنی باتمان»ی باکووری کوردستاندا باسوق و سجوقی 115 مەتری بڕدرا





ئەمسالّ بۆ یەکەم جار لە بری بڕینی قردێلە ، ڕێوڕەسمی کردنەوەی "ڕۆژانی ناساندنی باتمان" ی باکووری کوردستاندا لە گۆڕەپانی یەنیکاپی لە ئیستانبوڵ، بە بڕینی باسوق و سجوق دەستپێکرد کە درێژیەکەی ١١٥ مەتر بوو. لە چالاکییەکەدا نانی تەندور، وێنەشێوەی شوێنەوارە میژوویی و کولتووریەکانی حەسەنکێفی ی باکووری کوردستان، بەرمالّی لە مەڕەزی بزنی بەدەست چێندراو ، کارە دەستییەکانی شارۆچکەی بەشیری. شیلک و هەنگوینی ئۆرگانی شارۆچکەی ساسۆن. گوێز و باسوق و سجوق، بەردەخوێ، ماستی گامێش، دۆشاوی ترێی مارزۆنەی شارۆچکەی گەرجوش و میوژ و جۆرەکانی پەنیری ناوچەکە نمایش کران.